نێچیرڤان بارزانی: ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایشی ناوچەکە و جیهانە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5876) پێنج شەممە 21ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



2

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بەغدا هەبێت



5

مەلا بەختیار: بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترین شت جێبەجێکردنی دەستوورە لە عێراق



پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/11/20 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە کۆنفرانسی دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد کە لە زانکۆی ئەمەریکیی کوردستان لە دهۆک بەڕێوەچوو.

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وتارێکی لەبارەی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق و ناوچەکە پێشکەش کرد و تیایدا وێڕای خوێندنەوەیەک بۆ دۆخ و ڕووداوەکانی ناوچەکە، بەغدای وەک ڕەهەند و قوواڵییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان پێناسە کرد و دڕێژکردنەوەی سەقامگیری و ئاوەدانی بۆ هەموو عێراق و ناوچەکەی بە ستراتیژیی هەرێمی کوردستان دانا، جەختیشی لەسەر پێویستیی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ کردەوە بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن و چارەسەری ناشتییانەی کێشەکان بە شێوەیەک لە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا، دەستکەوت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بن. سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها هاوکاری و یارمەتیی وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەپێناو چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆتاییهێنان بە شەڕ و ئاڵۆزی و کێشە و قەیرانەکانی بە پێویستزانی. بەڕێزیان بەردەوامیی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ مانەوە وەک نەوایەکی ئارام دووپاتکردەوە بۆ دااڵدەدانی ئەوانەی لە شەڕ و ئاڵۆزییەکان هەڵدێن و لەوبارەیەوە هاوهەڵوێستیی هەرێمی کوردستانی بە مایەی بایەخ و پێزانین لەقەڵەم دا.

دەقی وتارەکە لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

فالح فەیاز چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گرنگ دەزانێت



لە دووەم ڕۆژی دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمەریکی کوردستان، فالح فەیاز، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق ڕایگەیاند، چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی زۆری هەیە. گوتیشی: کێشەی کورد یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکێکە لە هۆکارەکانی ناسەقامگیریی. هەروەها فەیاز ڕاشیگەیاند: پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق هەڵێک بوو بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و چارەسەرکردنی کێشەکان. پێویستە نەخشەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەبێت و بەگوێرەی دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەین، ئێمە لە ڕاستە ڕێگایەکی باشداین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هەنگاوەکانەمان لە سەرۆک وەزیران تێبینی کردووە و خواستی چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە. لەبارەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گوتی: کوردستان دەتوانێت ڕۆڵێکی باشی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و دەبێت ئێمە هەموو پێکەوە هاوبەش بین لە عێراق. دەبێت لە کاتی هەموارکردنەوەی دەستوور ڕەچاوی مافی هەموو لایەنەکان بکرێت.



14

هەڵگری میدالیای زێڕی ئاسیا لە دیدارێکی (خەبات)دا

ڕۆبیللا جیسۆس: شەترەنج فێرە یاسایەکی کردم کە ئەگەر بڕیارێکی هەڵەت دا پێویستە ئامادەی سزاکەشی بی

نووری حەمەعەلی:

داعش لە دەرفەت دەگەڕێت دەست بوەشێنێت

لە هەندێ ناوچەی عێراق چەکدارانی سەر بە گرووپی تیرۆریستیی داعش چەند ڕۆژێکە دەستیان بە جوڵەی زیاتر کردووە، ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگەش هۆشداری دەدات لە بەهێزبوونەوەی داعش و دەڵێت، داعش لە دەرفەتێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێت. نووری حەمەعەلی، بەڕپرسی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: داعش و ئەوانەی فیکری هاوشێوەی داعشیان هەیە، لە عێراق خۆیان مەڵاس داوە و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەستی خۆیان بوەشێنن، لە هەر گۆشەیەکی جیهان داعش دەرفەتی بۆ ڕێکبکەوێت، دەستی خۆی دەوەشێنێت و خەڵکی سڤیل دەکەنە ئامانج.

زیاتر لەلاپەڕە چوار بخوێنەوە

فراکسیۆنی پارتی داوا دەکات هەڵەبجە لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت

زیاتر لەلاپەڕە چوار بخوێنەوە



6

مانگێکی دیکە هەڵمەتی چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان کۆتایی دێت

وەرشەی ناوەندی هەولێر.. شوێنی بووژانەوەی دڵی ئامێرە قورسەکان

ئەگەر حکوومەت بوودجەی زیاتریان بۆ دابینبکات، کاری زیاتر دەکرێت



کاتێک دەگەیتە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی وەرشەی ناوەندی هەولێر ,تابلۆیەکی بچووک سەرنجت ڕادەکێشێت، بەڵام کە تابلۆکە بە ئاڕاستەی ناوەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە جێدەهێڵیت و پێدەنێیتە ژوور و هۆڵە گەورەکان، ئیدی چاوت بە دونیایەکی جیاوازتر دەکەوێت! لە هەموو لایەکەوە دەنگی ئامێر و چەکووشەکان دەبیستیت و جوڵەی کارمەندەکان دەبینیت. چەندان هۆڵی گەورە و هەزاران ئامێری شکاو و ماتۆڕی لەکارکەوتوو و غەتاس و غەنزیرە و مۆلیدەی کارەبایی و قوفڵی ئاو و شەفت و پەمپ و سەدان جۆری دیکەش لە کەلوپەلی قورس و بچووک پێناسەی شوێنەکەت بۆ دەکەن، دەکرێ ناوی بنێین شوێنی بووژانەوەی دڵی ئامێرەکان!

زیاتر لەلاپەڕە حەوت بخوێنەوە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/11/21 ژمارە (5876)
خەبات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بەغدا هەبێت



نامانەوێت هیچ وڵاتێک کێشەکانی خۆی هەناردەی ئێرە بکات

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە دیبەیتێکی تایبەتی (دیداری ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، کە لە زانکۆی ئەمەریکی - کوردستان لە دهۆک بەڕێوەچوو، ڕوانگەی خۆی لەمەڕ پرسە گرنگ و هەستیارەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، کێشە و شەڕ و ئاوارەبوونی خەڵک و کێشە بەردەوامەکانی ناوچەکە خستەڕوو. دواتر وەڵامی چەندین پرسیاری تایبەت بە هەلومەرج و بارودۆخی ناوچەکەی دایەوە، کە لەلایەن ئامادەبووانەوە ئاراستەی کران.

ئەمەش پوختەی وەڵامەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە دیبەیتەکەدا کە بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشی کرد:

داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین، یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری ئاوارە و پەنابەران بکەین

کێشە مرۆییەکان دەرئەنجامی کێشەی دیکەن. یەکێک لە مەزنترین کێشەکانیش، ئاسایش بووە. سەرهەڵدانی تیرۆر، پاکتاوی نەژادیی، ناکۆکییە سیاسییەکان، داڕمانی ئابووری، ئەمانە هەموو وایان کرد ئاوارە و پەنابەر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە زیاد بن. ئێستا دەبینین خەڵکانێکی زۆر دێنە هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێمی کوردستان زۆر ئارامترە. ڕێز لە خەڵک دەگرێت و ئەوانەش دەپارێزێت، کە لە ترسی تیرۆر و تۆقاندن ڕادەکەن. لە زۆر پرسیشدا بە هۆی ئەو شێوازەی ژیان کە دەیگوزەرێنن، ڕادەگەن. ئێستا ئێمە یەک ملیۆن و نیو ئاوارە و پەنابەرمان لە خۆ گرتووە. لەم نزیکانەش دەبینین پەنابەر لە سووریاوە هاتوون. پێموایە نزیکەی شازدە هەزار سنووردکانیان تێپەڕاندووە و لە کۆمەڵگەکانی پەنابەران نیشتەجێ کراون.

من سەردانی کەمپەکانم کرد. ئازار و مەینەتییەکانی ئەوانم دیت. کەواتە بۆ ئەوەی ئەو پرسە بە تەواوی کۆتایی پێ بێت، دەبێت لە بناغەوە پەنجە بخەینە سەر کێشەکان و بپرسین بۆچی خەڵک ناوچەکە جێ دەهێڵن و ڕادەکەن؟ دەبینین تەواوی هەرێمەکە لە شڵۆقی و کێشە دایە. زۆرێک لەو خەڵکەی ناوچەکەیان جێ دەهێڵن، ڕوو لێرە دەکەن. چونکە لە ناوچەی خۆیان هەست بە ئارامیی و پارێزراوی ناکەن. هەست ناکەن پەناگەیەکیان هەیە تێیدا بحەسێنەوە. ئەمە بەرپرسیارێتییەکی مەزنە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەرکێکی قورسە. چەند ساڵێکە ئەو ئەرکەمان خستووەتە ئەستۆی خۆمان. داوا لە حکومەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین، هاوکارمان بکەن، بەڵام هاوکارییەکان لەو ئاستەدا نین، کە ئەرکی قورسی سەر شانی ئێمە کەم بکەنەوە. زۆربەی ئەرکەکە لە ئەستۆی هەرێمی کوردستانە. زیاتر لە ملیار و نیوێک دۆلار خەرجیی ساڵانەی ئەو بابەتەیە. هەروەها چارەسەر هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگەیەوە هاوکاری ئەو خەڵکە بکرێت و بگەڕێنەوە، بەڵام بێگومان ئەوان ناگەڕێنەوە ئەگەر ئاسایش و ئارامیی و شوێنەکەیان پارێزراو نەبێت. ئەوان ناگەڕێنەوە، ئەگەر خزمەتگوزاری سەرەتایی، قوتابخانە، نەخۆشخانە، کار و مووچەیان نەبێت. دوای تێکشانی داعش، خەڵکی هەندێک ناوچە ویستیان بگەڕێنەوە، بەڵام کاتێک گەڕانەوە، بینییان ئەو خزمەتگوزاریانەی هەیانە، نیوەی ئەوەیە لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان هەیانبووە، بۆیە دووبارە هاتنەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئێمە داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین، یارمەتیمان بدەن، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری ئاوارە و پەنابەران بکەین. هەروەها یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. ئەگەر دەست نەکرێت بە دووبارە بونیادنانەوەی ناوچەکانیان، ئەوە گەڕانەوەیان ئەستەم دەبێت. بێجگە لەوەش، دابینکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکان گرنگە. ئەمەش بەرپرسیارێتیی حکوومەتی عێراقە، هەروەها ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە هاوکاری بکەن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە. هیوادارم وەک ئەرکێکی ئەخلاقیانە، وەک ئەرکێک کە لە ئەستۆیانە، یارمەتیمان بدەن.

داعش کۆتایی نەهاتووە

پێمواییە داعش کۆتایی هاتبێت. ڕەنگە لێکدانەوەی دیکە هەبێت. ئەمە هزر و ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتە. ئەوان کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوچەکانیان لەدەست داوە، بەڵام داعش وەک هزر و ئایدۆلۆژیا ماوەتەوە. چەکدارییشیان هەیە و هەزاران پشتیوانیشیان لە عێراق و سووریا و ناوچەکە هەیە. بۆ تێکشکاندنی داعش هەڵمەتی سەربازی بەس نییە و دەبێت ڕێگری لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدان و دروستبوونی داعش بکرێت لە عێراق و سووریا.

کاتێک ئاسایش نییە، تیرۆر گەشە دەکات. سەرەڕای ئەوەش هەندێک هۆکار هەن، دەبنە هۆی سەرهەڵدانی تیرۆر. بۆ نموونە، شکستی سیاسیی، یان حوکمڕانیی، داڕمانی ئابووریی، هەژاریی و نەبوونی دادپەروەریی هۆکارن و پاڵنەرن بۆ دروستبوونی داعش و گرووپ و میلیشیا چەکدارییەکان. بۆ ئەوەی تیرۆر لەناو بەرین، دەبێت ئاماژە بەو کێشانە بکەین. دەبێت تێگەیشتن و ڕێککەوتنی سیاسیی لە نێوان لایەنەکاندا هەبێت. بۆ ئەوەی متمانە بە خەڵک بگێڕنەوە و باوەڕیان لا دروست بکەن و هەست بە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینە لە حکوومەت بکەن و ئابووریەکی باش هەبێت و خەڵکیش مووچە و خزمەتگوزارییەکانیان پێ بگات، پێویستە ئارامیی و ئاسایش هەبێت، بێ ئاسایش ئەو شتانە بەرقەرار نابن. واتە پرسەکە وەک بازنەیەک وایە و یەکدی تەواو دەکەن. ئەگەر ئاسایشی باشت هەبێت، کاری وەبەرهێنان دەکرێت، ئەمەش وا دەکات ئابووریی باشترت هەبێت و ئابووریی باشیش دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی. ئەگەر یەکێک لەو هۆکارانە نەبێت، ئەو ئەڵقەیە لە بازنەکە دەپچڕێت. کاتێک باس لە تیرۆر دەکرێت، ئەو بنچینانە هەن و پێمانوایە لە عێراق و سووریا بە ڕوونی ئاماژەیان پێ نەدراوە. پێمانواییە داعش شکستی تەواوەتی هێنابێت. ئێمە هەرەشەی داعش دەبینین و هێشتا لە سووریا و ناوچەکە و جیهانیش هەرەشەی داعش کاریگەرە. ئەوە پێویستی بە هاوکاریی تەواوی لایەنە نێودەوڵەتییەکانە بۆ ئەوەی بگەنە ئەو تێگەیشتنەی، چۆن دەتوانرێت بە تەواوی تیرۆر لەناو بەرن و ئاشتی بەرقەرار بکەن.

ئەجێندەکان تێکەڵ بە داوای خۆپیشاندەران کراون

خۆپیشاندەران مافی خۆیانە نیگەرانیی خۆیان دەربڕن. ئێمە پشتیوانیی لە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران دەکەین کە بە شێوازێکی ئاشتیانە بیخەنەڕوو. ئەوان شیاوی شێوازێکی باشتری دەوڵەتداری و دەرفەتی یەکسان و دابینکردنی تەواوی خزمەتگوزارییەکانن، کە پێویستە هەموو هاوواڵتییەک هەیبێت. کە ئەمانە نین، خەڵک خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن. جیاوازییەکە ئەوەیە، لە نێوان ئەوەی خەڵک دەیەوێت و ئەوەش کە ئەجێندا سیاسییەکان و پارتەکان دەیانەوێت، کە دەیکەنە داوای خۆپیشاندەران. پارتە سیاسییەکان داواکاریی سیاسییان دەوێت. هیچ پارتێکی سیاسی ناتوانێت بە ناوی تەواوی خەڵکەوە قسە بکات. خەڵکی ناڕازی هەن، باس لە کێشەکانی ئێستا دەکەن، دەبێت ئەوە بڵێین کە هەموویان کۆکن، شتێک لەو ناوەدا تەواو نییە، ئێستا بۆچوونێکی یەکگرتوو هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە شتێک بە هەڵەدا براوە. بەڵام هەموو لەوەدا ناکۆکن کە دەبێت چارەسەرەکە چی بێت؟ ئەوان یەک چارەسەری ناسانیان نییە. بە بۆچوونی ئەوان، چەند چارەسەرێک هەیە. لەسەر شتێک کۆکن، بەڵام چارەسەری گشتگیریان نییە. ئایا ئەلتەرناتیڤ چییە بۆ قەیرانەکانی عێراق، یان حکوومەتی ئێستا؟ بۆیە، پشتیوانیی لە داوا ڕەواکانی خەڵک دەکەین و پێمانوایە حکومەت پێویستە گوێیان لێ بگرێت، بۆ ئەوەی نیگەرانییەکانیان لەبەر چاو بگرێت. بەڵام دەبێت بە هەستیارێشەوە مامەڵە لەگەڵ ئەلتەرناتیڤەکان بکرێت. دەبێ بزانین ئەجێندا کان چین و چۆن تێکەڵ کراون بە داوای خۆپیشاندەران.

حکوومەتی ئێستا و سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، بە بەرپرسی ڕووداوەکانی عێراق نازانین. ئێمە ئەو کێشانەمان لە پازدە-شازدە ساڵی ڕابردوودا تێبینی کردووە. پێمانوایە کەلەکەبوونی ئەو کێشانەیە کە زیادبوون و ئێستا خەڵک باسی دەکەن و حکومەتی ئێستا بە بەرپرسیار دەزانن. پێمانواییە ئەمە کارێکی ڕەوا بێت، کە تەنیا کابینەی ئێستا بە بەرپرسیار بزانن. پێویستە حکوومەت دەرفەتێکی هاوسەنگی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بە ئەندازەی ئەوەی هەر حکوومەتێک پێویستییەتی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، پشتیوانیی بکرێت. ئەو دەرفەتە ئەگەر درا، دەبێت وادەیەکی پێ بدرێت بۆ هەڵسەنگاندن و ئەنجامدانی چاکسازی لەو ماوەیەدا. بە گشتی خوازیارم دۆخی عێراق باشتر بێت.

لە جیاتی جێبەجێکردنی دەستوور، زۆر لە مادەکانی فەرامۆش کران

وەک ئاماژەم پێدا. بەداخەوە، ئەمە کێشەیەکی فراوانە. ئاسان نییە لە یەک ڕوانگەوە وەڵامی بدەینەوە. ئەگەر سەیری مێژووی هاوچەرخی عێراق لە دوای (2003)ەوە بکەین، بڕوام وایە عێراقییەکان هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە، بڕیاری خۆیان بە دەستی خۆیان بدەن. کارەکتەرە دەرەکییەکان ئەجێندای خۆیانیان بەسەریاندا سەپاندووە و ناچاریان کردوون پابەندی بن. لە (2005)ویستمان دەستوور بنووسینەوە و بڕوامان وابوو، ئەمە هەموو پێکهاتەکان قایل دەکات. بەداخەوە هیچ لایەک سەد لە سەد پێی ڕازی نەبووین، بەڵام خۆی لە خۆیدا دەستوور ئاماژەیەکی باش بوو. کەواتە پاکێجێک لە ئەنجامی دانوستانەوە هاتە دی و دەستوور نووسرایەوە و لەلایەن زۆرینەی عێراق دەنگی پێ درا، بەڵام دواتر چی ڕوویدا؟ لە بری جێبەجێکردنی دەستوور، زۆرێک لە ماددەکانی دەستوور پەراوێز خران و فەرامۆش کران. حکومەتی عێراق و ئیدارە جیاجیاکانی، جێبەجێکردنی هەندێک ماددەیان دیاری دەکرد. زۆر بە وردیی هەندێک ماددەیان هەڵدەبژارد و لە بری ناناوەندێتیی (لامرکزیە)، هەوڵی گێڕانەوەی ناوەندێتیی (مرکزیە)ی حکومەتیان دەدا. ئەوەی ئێمە دەیبینین پاشخانێکی قوڵی هەیە، کە ڕێگەی داوە ئەوانی دیکە تێوەبگلێن و دەستێوەردان بکەن. کاتێک حکومەتێکی کارا و گشتگیر و بەهێز بۆ وەڵامدانەوەی خواستی هاوواڵتیان لە ئارادا نابێت، دەرفەت بۆ کارەکتەرە دەرەکییەکان دەڕەخسێت، تا لە گۆڕەپانەکە یاریی بکەن. عێراق لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە وا هەڵکەوتووە، کە ستراتیژییە بۆ کارەکتەرە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. کاتێک عێراق سیاسەتی تایبەت بە خۆی نەبێت، خەڵکی دیکە دەیانەوێت سیاسەتی خۆیان و ستراتیژی خۆیان بسەپێنن. ئەمە وای کرد، کێشەی گەورەتر بۆ وڵاتەکە دروست بکات. مەگەر شتێکی هاوبەش و گشتیی نەدۆزرێتەوە، کە باوەڕ و متمانە بۆ هەمووان بگەڕێنێتەوە و دڵنیایی بداتە هەمووان. چونکە دەبێت دڵنیایی هەبێت بۆ داهاتووی خەڵک. بە پێچەوانەوە، ئەو کێشانە بنبڕ ناکرێت و بە شێوازی جیاواز دەردەکەونەوە.ئەوەی ئاشکرایە کە پابەندبوون نییە بە جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێزگرتن لە خواستی هەموو پێکهاتەکانی عێراق.

تەنیا باس لە نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەکەن، نەک هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییە

ئەمەریکا سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە. من ناتوانم لە بری ئەمەریکا قسە بکەم. ئەمەریکا لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەددام حوسێن ڕۆڵی هەبووە. ئێمە ڕێزی لێ دەگرین و پێزانینمان هەیە. خەڵکی عێراق لە ڕژێمێکی خۆسەپێن و دیکتاتۆر ئازاد بوون. من ناوی بە "ئازادی" دەبەم، لە کاتێکدا گوێم لێ بوو، خەڵکانێک بە "داگیرکاریی" وەسفی دەکەن. لە دەستپێکدا ئەمەریکا بوونی خۆی لە "ئازادیکار"ەوە بۆ "داگیرکار" گۆڕی و ئەوە هەڵە بوو. ئەمەریکا دەیتوانی لەو لایەنەوە زۆرتر وەبەرهێنان بکات و خەڵکانێکی زۆر پشتیوانیان بۆ ڕۆڵی زیاتری ئەمەریکا دەربڕی بوو. ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەش، کە بەڕێوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ عێراق هەیە. پێویستە ئەوە قبووڵ بکەن، عێراق وڵاتێکی جیاوازە. ناکرێت بە ئاسانی هەموو شتێک بکرێت، فەرهەنگ و وڵات و دەوڵەتێکی جیاواز هاوتەریب بن لەگەڵ بەرێوەندییەکانی ئەوان. ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە دەبێت یارمەتی عێراق بدەن، نەک ئەجێندای خۆیان بەسەر عێراقدا بسەپێنن. بەرهەڵستکارانی ڕاستەقینە، کە وڵاتەکەیان لەگەڵ ئەمەریکا ڕزگار کرد و دواتر دەستپێکێکی نوێیان دەست پێ کرد، بۆچوونیان لەبەرچاو نەگیرا. ئەو بەرهەڵستییەی لە ئارادا بوو، یان جێبەجێکردنی بیرۆکەکان سەرکەوتوو نەبوو. ئێستاش پێموایە، بەر لەوەی ئەمەریکا و هەر وڵاتێکی دیکە، کە گرنگی بە ڕۆڵگێڕانی ئەرێنی لە عێراق دەدات، دەبێت ئەو ئازایەتییەیان تێدا بێت، کە پەنجە بخەنە سەر کێشە سەردکییەکان. هەندێک کێشەی سەرەکی هەن، پەیوەستن بە جێبەجێ نەکردنی دەستوور و ئەو بناغەیەی عێراقی لەسەر بونیاد نراوەتەوە. دەبێ لەوە بکۆڵینەوە بۆچی ئەم حکوومەتە لەم وڵاتە بە باشی کاری خۆی ناکات و پێکهاتەکان دڵخۆش نین؟ پێشتر سوننەکان و ئێستا شیعە لە دەسەڵات بوون، ئەی کەی عێراقییەکان دوور لە تایفەگەری لە دەسەڵات دەبن؟. عێراق لە شیعە و سوننە و کورد و مەسیحی و تورکمان پێک دێت. پێکهاتەی جیاجیا هەن، بەڵام هیچیان هەست ناکەن عێراقین. ئەوان لە بنەڕەتدا پابەند و دڵسۆزی پێکهاتە تەتەوەیی و ئایینییەکانن، ئینجا دەوڵەت. سەرەڕای ئەوەش پێکهاتە و نەتەوە و ئایینەکانی دیکە نیگەرانیی و مەترسیان هەیە، هەر کات دەسەڵاتیان هەبێت، شتێکی خراپیان ڕووبەڕوو ببێتەوە. ئەمانە کێشەی زۆر جیددین و نابێت بە ڕوالەت سەیری کێشەکان بکەین. ئێمە کێشەمان دەبێت، دەبێت تووێژدران ڕوونی بکەنەوە و ئینجا پێشنیاز بکرێت و چارەسەریان بۆ دەستنیشان بکرێت. کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە کەس نایەوێت دانی پێدا بنێت، کە کێشە ڕاستەقینەکە چییە. ئەوان تەنیا باس لە نیشانەکانی نەخۆشییەکە دەکەن، نەک هۆکارەکانی ئەو نەخۆشییەی هەیە.

ڕوانگەمان بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان

ئێمە کارنامەی خۆمان ڕاگەیاندووە، کە ڕوانگەی ئێمەیە بۆ داهاتوو. بڕوامان وایە دوو ڕێگەچارە هەن. هەندێکیان ناوخۆیین و چیمان پێ دەکرێت، هەندێکیان لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەن. لەم ڕووداوە هەرێمییانەی کە هەن، ئێمە دەتوانین ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕین، ئێمە وتمان دەمانەوێت کوردستانێکی بەهێزتر دروست بکەین، مەبەستمان ئەوەیە تێگەیشتنێکی باش بۆ سەقامگیریی باشتر و ئاسایشی باشتر و ئابووریەکی باشتر بونیاد بنێین. زیاتر بە ڕووی جیهاندا دەکرێینەوە. دەمانەوێت پەیوەندیی دیپلۆماسیی باشترمان لەگەڵ جیهان هەبێت. سەرچاوەکانی داهاتمان فرەچەشن بکەین، نابێ تەنیا پشت بە نەوت بەستن. بۆیە زۆر بە جیددی بیر لە پەرەپێدانی کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، تەندروستی و پەروەردە دەکەینەوە. ئەمە ئەو لایەنانەن کە ئێمە زۆر گرنگیان پێ دەدەین. ئێمە لە قۆناغەکانی پەرەپێدان و دابینکردنی ئاسایشی زیاتر داین بۆ هەرێمەکە. ئەمەش دەخوازێت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە هەماهەنگی بەردەوامدا بین. ئەمە ئەرکی ئێمەیە و شتێکە باوەڕمان پێیەتی، دەبێ تووندڕۆیی و دەمارگیری تیرۆر لەناو ببرێن، چونکە شوێنیان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نییە و نابێت شوێنیان ببێتەوە. ئێمە بیر دەکەینەوە چۆن بتوانین خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەین، چۆن خزمەتگوزارییەکان بە ئەلیکترۆنیی بکەین، چۆن بتوانین ببڕۆکراتیەت لە کارگێڕیدا کەم بکەینەوە، چۆن وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان بهێنینە هەرێمی کوردستان و ئاسانکارییان بۆ بکەین بۆ ئەوەی لە کوردستان وەبەرهێنان بکەن، چۆن بتوانین پشتیوانیی لە وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان بکەین، کە لە ناوخۆدا وەبەرهێنان بکەن. ئابووریی بەهێز ئەوەیە کە کاری زیاتر و مووچەی باشتر و شێوازی ژیانی باشترت هەبێت. ئەمەش سەقامگیریی سیاسی لێ دەکەوێتەوە و دەمانگەیەنێتە سەر ئەو بازنەیەی پێشتر ئاماژەم پێیدا. کە ئابووریەکی باشتر، ژینگەیەکی لەبارتر و سەقامگیریی سیاسی و ئاسایشی باشتر دەهێنێتە ئارا ئەوکات هەرێم و کۆمەڵگەیەکی بەهێزترت دەبێت، ئەوەش خواستی ئێمەیە و کاری بۆ دەکەین و دەستیشمان پێ کردووە. دەمانەوێت لەگەڵ کارەکتەرە دەرەکییەکان و دەورووبەرمان ڕۆڵێکی ئەرێنیمان هەبێت.

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ڕووسیا

کاتێک دەڵێم پێویستە ئەمەریکا هێمێنێتەوە، مەبەستم ئەوە نییە، ئەمەریکا دەمێنێتەوە، چونکە ئەوە بڕیاری خۆیانە. پێموایە مانەوەی ئەمەریکا بۆ ناوچەکە گرنگە. ئایا بژاردەکانی دیکە چین؟ ئێمە هیچ دژیەکییەکمان لەگەڵ هێزە هەرێمییەکان، یان یاریزانە نێودەوڵەتییەکاندا نییە. بەپێچەوانەوە، هەماهەنگیمان هەیە و دەستی هاوکاری بۆ هەر کەسێک دێژ دەکەین، کە بیەوێت هاوکارمان بکات. پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ڕووسیا هەیە. ئەوان لە هەرێم هەندێک پرۆژەیان هەیە و بە گشتیش لە عێراق هەن.

ڕووبەڕووی گەندەڵی دەبینەوە

پێمانوایە حکوومەتی بەرپرسیار ئەوەیە، کە دەتوانێت گەندەڵی کەم بکاتەوە. بەڵام زۆر ئەستەمە، ڕەنگە ڕاستیش نەبێت بڵێین گەندەڵی بنبڕ دەکەین، چونکە لەوانەیە ئەمە نەکرێت. بەڵام گەندەڵیی کەم دەکرێتەوە. ئەویش بە دروستکردنی حکوومەتێکی چالاک و وەڵامدەرەوە کە سنووردێک بۆ گەندەڵی دابنێت، بۆ ئەمەش لە ڕووی چاکسازیی ئابووری و دارایییەوە دەستمان پێ کردووە. لە ڕووی بەڕێوەبردنیشەوە، کاتێک بۆ نموونە فەرمانبەرێک تەنیا دوو کاتژمێر ڕۆژانە کار دەکات و مووچەی ڕۆژێکی تەواو وەردەگرێت، ئەوە بۆ خۆی گەندەڵییە. بۆیە دەبێت ئەو خەڵکە ناچار بکرێت، بەرپرسیار بن و کاری خۆیان ئەنجام بدەن. لەم ڕووەوە دەستمان پێ کردووە و لە دەستپێکی کابینەکەوە کاری بۆ دەکەین. هەروەها بەرتیل و پارەدان و کارکردن لەسەر بنەمای خزمایەتیی، بە ڕاددەیەکی باش ڕێگریی لێ کراوە و کاری زیاتریش دەکەین. دەبێت دەرفەتی گونجاو و یەکسان بۆ هەموان دروست بکەین. ئەمە کلیلی سەرکەوتنە بۆ خەڵک، تاکو هەست بکەن دەرفەتی یەکسانیان هەیە. ئەمە ئەو شتانەن دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بکرێن. کارەکە ئەوە نییە کەسێک دەستنیشان بکەیت و کارێک لە دژیدا ئەنجام بدەیت بەڵکو دەبێت ڕێگری بکرێت لەوەی خەڵک کاری گەندەڵی بکات. کەواتە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەردەوامە و گەندەڵیمان وەستاندووە. کەس ناتوانێت چیدیکە پشت بە هاوڕێیەتیی کەسێک ببەستێت بۆ ئەنجامدانی کارێک لە حکومەت، هەموان دەرفەتی یەکسانیان هەیە. بەرنامەمان هەیە چۆن بتوانین هەندێک خراپەکارییەکانی ڕابردوو چارەسەر بکەین و لە ڕووی یاساییەوە کاریان لەسەر بکرێت و لە ئێستاشەوە کارمان لەسەر کردووە.

دەمانەوێت پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ بەغدا هەبێت

ئێمە هەرگیز لە دژی پەیوەندیی بەهێز نەبووینە لەگەڵ بەغدا. بەردەوام بەغدا دژی ئەوە بووە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت. ئێمە لە نووسینەوەی دەستوور بەشدار بووین و ویستوومانە ئەندامێکی کاریگەر بین، ئەوە بژاردەی ئێمە بووە و هەر کاتێک بەغدا ئامادە بێت بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزانە، ئێمە بەردەوام ئامادەین، ئێستاش دەرفەت هاتووەتە ئاراوە و هەوڵ دەدەین ئەو دەرفەتە بەکار بهێنین و پەیوەندییەکان باشتر بکەین. کاتێک باس لە وڵاتانی ناوچەکە دەکرێت، ئێمە هیچ بەرژەوەندییان لە دروستکردنی قەیران و گرژیی لەو وڵاتانەدا نییە. ئێمە ڕێز لە وڵاتان و نیگەرانییەکانیان دەگرین، هەندێک لەوان نیگەرانیی ئەمنییان هەیە و ئێمە تێیان دەگەین، بەڵام ناکرێت ئەو کێشانەیان بگوازنەوە کوردستان، یان عێراق.

کوردستان شوێنێکە پێویستە سەقامگیر بێت و ئاشتی و گەشەی تێدا بێت، نامانەوێت هیچ وڵاتێک کێشەکانی خۆی هەناردەی ئێرە بکات، ئەمەش دوو لایەنەیە. بۆ نموونە، ئەو خەڵکانەی نایانەوێت تورکیا دەستێوەردان بکات، یان بۆردومان بکات، نابێت ئەوانیش هیچ پاساوێک بدەنە تورکیا تا ببێتە هۆی بۆردومانی ناوچەیەک. بۆ نموونە باس لە شنگال دەکرێت، بۆ خەڵکی شنگال قوربانیی بدەن؟ هەندێک لایەنی دەرەکی هەن لە شنگالن، کە نابێ لەوێ بن. بە دڵنیاییەوە ئەمە پاساو دەداتە تورکیا. ئایا تورکیا دەیتوانی بۆردومانی شنگال بکات ئەگەر پاساوی نەبوایە؟ ئەگەر ئەو پێکهاتانە لەوێ بن هیچ پاساوێک دەبوو بۆ بوردومان؟ بۆیە دەبێت هەموان بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن. ئێمە دژی لەشکرکێشیی و هێرشی سەربازین، هاوکات پشتیوانیی لەو گرووپانە ناکەین، کە کێشەکانی خۆیان دەهێننە هەرێمەکەی ئێمە. خوازیارین هەموو لایەک ڕێز لە خواستی ئێمە بگرن. کە ئامانجی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە ئاشتی و گەشە و سەقامگیریی و پێشکەوتن لە هەرێمی کوردستان هەبێت.

نێچیرڤان بارزانی: ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایشی ناوچەکە و جیهانە

هەرێمی کوردستان کێشەکانی عێراق بە کێشەی خۆی دەزانێت و ئامادەیە یارمەتیی عێراق بدات

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2019/11/20 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لە کۆنفرانسی دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد کە لە زانکۆی ئەمەریکیی کوردستان لە دهۆک بەڕێوەچوو.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی وتارێکی لەبارەی ڕەوشی سیاسی و ئەمنیی عێراق و ناوچەکە پێشکەش کرد و تیایدا وێڕای خوێندنەوەیەک بۆ دۆخ و رووداوەکانی ناوچەکە، بەغدای وەک ڕەهەند و قووڵاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستان پێناسە کرد و دریژکردنەوەی سەقامگیری و ئاوەدانی بۆ هەموو عێراق و ناوچەکەی بە ستراتیژیی هەرێمی کوردستان دانا، جەختیشی لەسەر پێویستیی گەڕانەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ کردەوە بۆ لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان بە شێوەیەک لە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا، دەستکەوت و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پارێزراو بن.
سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها هاوکاری و یارمەتییە وڵاتانی جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەپێناو چەسپاندنی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆتاییهێنان بە شەڕ و ئاڵۆزی و کێشە و قەیرانەکانی بە پێویستزانی.
بەڕێزیان بەردەوامیی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ مانەوە وەک نەوایەکی ئارام دووپاتکردەوە بۆ دالدەدانی ئەوانەی لە شەڕ و ئاڵۆزییەکان هەڵدێن و لەوبارەیەوە هاوهەڵوێستیی هەرێمی کوردستانی بە مایەی بایەخ و پێزانین لەقەڵەم دا.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە:



تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکان دانوستاندن و ڕێکاری سیاسییە

ئامادەبووانی بەڕێز، بەیانیتان باش..

بەخێرهاتنی هەمووتان و دەستخۆشی لە زانکۆی ئەمەریکیی کوردستان دەکەم بۆ سازدانی ئەم کۆنفرانسە، کارێکی زۆر باشیان کردووە. دەستخۆشی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە هەر جۆرێک بەشدار بوون لە سازدانی ئەم کۆنفرانسە لە دهۆک. بەخێرهاتنی ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەم کە لە دەرەوە تەشریفیان هێناوە، لە ئەمەریکا، لە ئەورووپا، لە شوێنەکانی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ دهۆک، بەخێر بێن.
بەخێرهاتنی برای خۆشەویستم کاک فالح فەیاز دەکەم کە ئەم بەیانییە لە بەغداوە تەشریفی هێناوە بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسە. هەموو لایەکتان بەخێر بێن.
ئاسایش و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بابەتێکی زۆر گرنگی ناوچەکە و جیهانە. هیوای سەرکەوتن و دەرەنجامی باش بۆ ئەم کۆنفرانسە دەخوازم.
کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەک هەر ئاسایش و پەیوەندیی وڵاتانی ناوچەکەی تووشی قەیران کردووە، بەڵکو بۆ سەر ئاشتی و بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی گەورەی جیهانیش بووەتە هەڕەشە. ئەوەی لە ناوچەکە دەگوزەرێت، ئەنجامی هەڵەیەکی کۆن و نەخشەی جیۆسیاسیی دوای شەڕی یەکەمی جیهانییە، کە کۆمەڵێک کێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا بێ چارەسەر هێشتەوە، لەوانەش دۆزی کورد.
دۆزی کورد کێشەیەکی گەورەیە و چارەسەرکردنیشی بەشێکی گرنگی ئاشتییە لە ناوچەکەدا، هەروەها کێشەی هەندێ پێکهاتەی دیکەش دوای جەنگ لەم ناوچەیە سەریانهەڵدا. جگە لەمانە، نائارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە کە سالانی دوایی هاتنە ئاراوە و بوونە هۆی گرفتی زیاتر، لەوانە:
- تێکچوونی هاوسەنگی لە ناوچەکە. دوای بەهاری عەرەبی و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، ڕۆڵی هەندێ وڵات لە ناوچەکە پاشەکشەی کرد. دەوڵەتان بۆ ئەوەی ببنە هێزی یەکەم و پێشەنگی ناوچەکە، کەوتنە کێبڕکێ. ئەمانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی بەوکالەت و ململانێی ناوچەیی.
زەمینە بۆ دەستێوەردانی سەربازیی نێودەوڵەتی ڕەخسا. ئەوە بووە مایەی گەرمبوونی شەڕەکان و کەمبوونەوەی دەرفەتی میانگیری. چونکە هێزە نێودەوڵەتییەکان لە جیاتی ڕۆڵی میانگیری، خۆیان بوونەتە بەشێکی شەڕ، ئەوەش میکانیزمەکانی چارەسەری ئاشتییانەی یەکجار کەمکردەوە. ناکۆکیی مەزهەبی و نەبوونی کولتووری لێبووردەیی و پێکەوەژیان، هۆکارێکی دیکەیە. ئەم مەترسییە کە بەهۆی تێگەیشتنی دەمارگیریی مەزهەبی و عەقڵییەتێکی تۆڵەسەندنەوەی کۆنە، بە ئەنقەستیش کەڵکی لێوەرگیرا و هاندرا تاکو ببێتە زەمینەی لەبار بۆ گەرمکردنی شەڕ و ململانێ لە ناوچەکە لەسەر دەسەڵات.
- تیرۆر، هەڕەشەیەکی سەرەکییە لەسەر ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و لە جیهاندا. ڕێکاری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریش دیسان کێشە دروست دەکات. نەبوونی ستراتیژێک لەسەر بنەمای چاکسازیی ئابووری و سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و کولتووری بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، پشتبەستنی سەرەکی بە ڕێکاری سەربازی بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی تیرۆر، خۆی لە خۆیدا کێشەیە، هۆکاریشە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی تیرۆر و بیری توندڕەوی لە ناوچەکە.
-لاوازی و شکستی سیاسی و ئابووریی زۆر لە سیستەمە فەرمانڕەواکانی ناوچەکە، نەبوون یان شکستی سیاسەتی گەشەپێدان و بێتداییی کۆمەڵایەتی، بوونەتە هۆی ئەوەی کە نائومێدی و بێ ئایندەیی و بێچارەیی و تووڕەیی، ببێتە هەستی بەربڵاوی گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی لاوان.
ئەو هەستە ترسناکە بووەتە سەرچاوەیەکی ناڕەزایی و زەمینەیەکی هەمیشەی ئامادە بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین، هەروەها بۆ سەرهەڵدانی بیری تونڕەوی. باجی قورسی سیاسەتی هەڵەی ئەو وڵاتانە لەسەر ژیان و گوزەرانی میللەتەکانیان زۆر گران وەستاوە، هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ تووڕەیی و ناڕەزاییی خەڵک.
تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە سیستمێکی ڕوو لە دیموکراسی پەیڕەو دەکرێت، بەداخەوە بەناوی دیموکراسییەوە مۆدێلێکی ئەوتۆ پیشاندراوە کە خەڵکی لە دیموکراسی و دەنگدان و لە کۆی پرۆسەی سیاسی سارد کردووەتەوە. بۆ نموونە، لە عێراق لە جیاتی فرەیی سیاسی، فرەییی ناوەندی دەسەڵات هەیە. لە جیاتی ئەوەی دەستوور و یاسا بالادەست بن، بالادەستی و بڕیاربەدەستیی حزبی و گرووپی چەکدار بەرقەرار بووە، ئاکامەکەشی ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەبینین.

ئامادەبووانی بەڕێز..

شەڕی دژی داعش، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتیی بەهێزی دروست کرد و زۆر لە گرفت و ناکۆکیی ناوچەکەی تا ڕادەیەک پاشەکشە پێکرد، بەڵام بە هەڵە خوێندنەوەی ئامانجەکان و بڕوابەخۆهێنانی پێشوەختە بەوەی کە داعش کۆتایی هاتووە، بووە هۆی خاوبوونەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و کێشەکانی گەرمتر کرد، کەچی لە ڕاستیدا مەترسیی داعش نەک هەر لەڕووی هزری و کولتوورییەوە، بەڵکو لەڕووی سەربازیشەوە تەواو نەبووە و هێشتاش بۆ ناوچەکە و بۆ جیهان مەترسییەکی جددییە. گرفتی سەرەکی ئەوەیە هەموان دەیانەوێ بە سەرکەوتنی سەربازی و مەیدانی، نەک بە لێکگەیشتن و دانوستاندنی سیاسی، شەڕەکان کۆتایی پێبهێنن. بۆیە دەرفەتەکانی دانوستاندن هێشتا زۆر لاوازن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.
دژێژەکێشانی شەڕ و کێشەکان، نەبوونی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی، بەهەدەردانی سەر و ماڵ و سامانی وڵاتان لە شەڕ و ناکۆکیدا، جگە لە زیانەکانی ئێستای، گەورەترین مەترسیشن بۆ ئایندە. دەبنە مایەی گواستنەوەی کێشە و قەیران و گرفتەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو. لەبیرمان نەچێت ناوچەکە لەبەردەم هەڕەشەیەکی دیکەشدایە کە وشکبوون و گرفتی کەمبوونەوەی ئاو و بەبیابانبوونە، ئەوەش چەندین قەیرانی دیکە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بۆ ناوچەکە.
کوردستان لەم ڕەوشە نالەبارەی عێراق و ناوچەکە بەدەر نییە، دەبێ بە وریایی کار بکات بۆ ئەوەی لەو ژینگە ئاڵۆز و نالەبارەدا بە ئاسوودەیی بەڕێوە بچێت. بۆیە هەوڵماندراوە و بەردەوامیش دەبین لەوەی کە ستراتیژێکمان هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گرفتانە. ستراتیژیی ئێمە دژێژکردنەوەی سەقامگیری و ئاوەدانیی هەرێمی کوردستانە بۆ هەموو عێراق و ناوچەکە.

بەڕێزان،


بە تێڕوانینی ئێمە تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکان دانوستاندن و ڕێکاری سیاسییە. ئەوانەی دژایەتی و شەڕی یەکتر دەکەن، دەبێ بۆ چارەسەری پێکەوە دابنیشن. نکۆڵیکردن و زەبر و زۆر، کۆتایی بە کێشەی هیچ گەلێک ناهێنێت و خەڵک لە داواکارییەکانیان سارد نابنەوە. شەڕ و ململانێی سەربازی هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات. ئەوانە هەرچەند دژێژە بکێشن، دواجار هەر دەبێ بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و بگەنە لێکگەیشتن و ڕێککەوتن.
شەڕ و خۆپڕچەککردن، بودجە و پارەیەکی زۆری لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهەدەر داوە. بەو پارەیە و بە گیانی ئاشتیخوازی و پێکەوەژیان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبووە ناوچەیەکی هەرە پێشکەوتووی جیهان. ئێستاش دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە تەنیا ئەو ڕێگەیان لەپێشە بۆ خۆشگوزەرانی و بنیاتنانی ژیان و ئاشتی لە ناوچەکەدا.
نابێ گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە بخرێنە شەڕەوە. ئەوە کێشەکان ئاڵۆزتر دەکات. ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵماندراوە و زۆرێش باجی ئەوەمان داوە کە نەبینە بەشێک لە هیچ شەڕێک. هەوڵمان داوە نەوایەکی ئارام بێنینەوە و بتوانین دالدەی ئەوانەش بدەین کە لە شەڕ و ئاڵۆزییەکان هەڵدێن. زۆر گرنگە هەموومان لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم ستراتیژییە هاوەدەنگ و هاوهەڵوێست بین. دەبێ ئەوەش بڵێم: ئەو هاوهەڵوێستییەی تائێستا لەمبارەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، زۆر جێگەی بایەخ و پێزانینە.
ناوچەکە و گەلان و پێکهاتەکانی، بە دەست شەڕ و ئاڵۆزییەکانەوە یەکجار ماندوون. بەرگەی شەڕ و ناکۆکیی زیاتر ناگرن. بەدیهێنانی لێککەیشتن و چارەسەری سیاسی بۆ ناوچەکە لە قازانجی هەموو جیهاندایە. شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە و هێشتا پێکەوەیی و هاوپەیمانێتیی هەمووانی پێویستە. دەبێ لەناوبردنی ئەو دوژمنە سەرسەختە هەتا ماوەیەکی دوور، ئامانجی هاوبەشی هەموو لایەکمان و هەوێنی بەردەوامبوونی هاوپەیمانێتییەکی جیهانی و هەرێمی بێت لە دژی تیرۆر.
نوێکردنەوەی سیستم و میکانیزم و سیاسەتەکانی حوکمڕانی و ئابووری و کۆمەڵگەیی لەم ناوچەیەدا، پێویستییەکی هەرە لەپێشە. دەبێ چاکسازی و پێداچوونەوەی هەمەلایەنەی جددی، ڕاستەقینە و سەردەمیانە وەک ستراتیژی بگرینەبەر. حوکمڕانەکانی ناوچەکە ڕووبکەنە میتۆد و سیاسەتێک کە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە و واقعیانەیە و وەڵامدەرەوەی داوا و خواست و پێویستییە ڕەواکانی میللەتەکانیان بن.

بەڕێزان..

دەربارەی عێراق و کێشەکانی، بەداخەوە زۆر لەمەوبەر پێشبینیی ئاکامێکی لەو جۆرەمان دەکرد. کاتێک پشت لە دەستوور کرا، یەکەم دەنگ کە هۆشداری دا و زەنگی مەترسی لێدا، لە هەرێمی کوردستانەوە بوو. گوتمان ئەگەر کار وا بڕوات و دەستوور و ئەو پرەنسیپانە بخرێنە ژێرپێ کە عێراقی نوێیان لەسەر بنیات نراوە، عێراق ڕووی لە هەڵدێرە. ئێستاش دەڵێین: ئەوەی ڕوودەدات ئەنجامی کەڵەکەبوونی پازدە ساڵ هەڵەی سیاسی و ئابووری و پشتگوێخستنی دەستوورە.
چارەسەر ئەوەیە، کێشە و گرفتەکان بە قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیان ببینرێن. خوێندنەوەیەکی دروست و واقعییان بۆ بکرێت. ناڕەزاییەکان بە کەم نەزانرێن و درک بە مەترسییەکانی بکرێت. وا نەزانین تێدەپەڕێ و بە هەندێ ڕێکاری لابەلا خامۆش دەبێت. تێگەیشتنی کێشە و قەیرانەکان و خواست و ڕوانین و داواکاریی نەوەی تازە لە عێراق و ناوچەکە، پێویستی بە پێناسەکردنەوەیەکی تازەی چەمکی ماف و ئازادییەکان هەیە. بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە لە هەرێمی کوردستان چووینە بەغدا و لەگەڵ هەموان کۆبووینەوە. ئامادەیی هەرێمی کوردستانمان نیشاندا بۆ هەر هاوکارییەک کە بۆ گەڕانەوەی سەقامگیری و ئارامی بۆ عێراق پێویست بێت. پێمانوایە ئەو سەقامگیرییە لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و لە بەرژەوەندیی عێراقدایە. بەغدا ڕەهەند و قووڵاییی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانە. ئێمە دەبێ لە چوارچێوەی سەروەریی دەوڵەتی عێراقدا، دەستکەوت و مافە دەستوورییەکانمان پارێزراو بن و پەردیان پێببەین.
گەلان و پێکهاتەکانی عێراق شایانی ئەوەن و دەبێ لە دۆخ و گوزەران و ژیانێکی باشتردا بن. ناوەندە سیاسییەکان لە عێراق دەبێ پەیامی هاووڵاتییان بە جددی وەربگرن و وەڵامی باوەڕپێکەریان هەبێت. ئێمە بۆ ئەوە لە بەغدا بووین و هەموو لایەکمان هاندا کە پێکەوە بیر لە چارەسەرێکی جددی و ڕاستەقینە و ڕیشەیی بکەینەوە. چارەسەرێک لە ئاست گەورەیی ناڕەزایی و تووڕەیی خەڵکدا بێت. ئەوەش بەرپرسیاریەتیی هەموومانە و کەس ناتوانێ لە عێراقدا خۆی لێ بدزێتەوە.
جیهان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ یارمەتیدەر بن بۆ عێراق، بۆ ئەوەی ئارامی و سەقامگیری لە عێراق و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچەسپێت و شەڕ و ئاڵۆزی و کێشە و قەیرانەکان کۆتایی پێببێت. ڕابردوو سەلماندی کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ لە کێشە و قەیران، بۆ ناوچەکە و بۆ جیهان مایەی سەرئێشە و هەڕەشەی ئەمنییە. بۆیە ئەمە نەک تەنیا ئەرکی ئێمەیە، بەڵکو ئەمە ئەرکێکی نێودەوڵەتیشە.
ئێمەش وەک هەرێمی کوردستان، وەک هەمیشە چی بکەوێتە سەر شانمان بۆ ئاشتی و ئارامی و سەقامگیری، ئامادەین. هەر لێرەشەوە هەڤاڵانمان، برایانمان لە عێراق دڵنیا دەکەینەوە کە ئەوەی پێمان بکرێت بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە عێراقدا هەرێمی کوردستان ئامادەیە و کێشەکانی عێراق بە کێشەی خۆی دەزانێت و ئامادەیە یارمەتیی عێراق بدات بۆ دەرچوون لەم دۆخەی کە ئێستا هەیەتی.
دووبارە هەموو لایەکتان بەخێر بێن. سوپاس بۆ زانکۆی ئەمەریکیی کوردستان و ڕێکخەرانی ئەم کۆنفرانسە. هیوای سەرکەوتن و ڕۆژێکی خۆشتان بۆ دەخوازم.

زۆر سوپاس.


فراکسیۆنی پارتی داوا دەکات هەڵبجە لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت



لە دوو پرۆژەی سەرۆکایەتیی کۆماری عێراق و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ دەستکاریکردنی ڕێژەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەرباری کەمکردنەوەی ڕێژەی کورسیی پارێزگاکانی کوردستان، هەڵبجەش وەک پارێزگا مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش دەڵێت، تێبینییان لەسەر پرۆژەکە هەیە و ستەم لە کوردستان کراوە.

د. ڤیان سەبری، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندووە: هەردوو پرۆژەیاسای نوێی هەڵبژاردنی عێراق لە سەرۆکایەتیی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتوونەتە ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام ئێمە وەک کورد تێبینیمان لەسەریان هەیە و ناهێڵین بەو شێوەیە تێپەڕێندرێن. سەبری گوتیشی: نابێت هەڵبجە وەک پارێزگا لە یاسای نوێی هەڵبژاردنەکاندا مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت و لە خوێندنەوەکانی تری یاساکەشدا لە هۆڵی ئەنجوومەنی نوێنەران گەنگەشەی لەسەر دەکەین، چونکە تێبینیی زۆرمان لەسەر ئەو پرۆژەیە هەیە و بە ڕێژەیەکی زۆر کورسیی پەرلەمانی بۆ پارێزگاکانی کوردستان کەم کراوەتەوە. ناوبراو زیاتر گوتی: ئەگەر ئەو یاسایەش لە ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەند بکرێت، دەبێت دەستووری بۆ هەموار بکرێتەوە، چونکە لە دەستووردا سەد هەزار کەس کورسییەکی بۆ دیاری کراوە، بەڵام ئەوەی لەم یاسا نوێیەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هاتووە، لەو ڕێژەیە کەمترە و لەگەڵ دەستوور نایەتەوە.

هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتیی چوار لیژنەی نوێ و حەوت لیژنەی دیکەی پەرلەمان ئەنجامدرا



سەرلەبەیانی دوێنێ چوارشەممە 2019/11/20 سەرپەرشتی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بە ئامادەبوونی مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری لیژنەی یاسایی پەرلەمان هەڵبژاردن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی چوار لیژنەی نوێ و ئاڵوگۆڕ بۆ دەستەی سەرۆکایەتی حەوت لیژنەی تر کرا.

دوای هەمواڕکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر یەک لە لیژنەکانی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت، ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان و لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، بۆ پەرلەمانی کوردستان زیاد کرا، پاشان بەپێی ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆپاڵاوتن کراوەیەوە و هەریەک لە پەرلەمانتاران لەنجە ئیبراهیم بۆ سەرۆک و ئاشنا عەبدولقادر بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان، هاوڕێ بناء محەممەد سالح بۆ سەرۆک و بەهجەت عەلی ئیبراهیم بۆ جێگر و ڤاهر محەممەد عەلی بۆ بڕیاردەری لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان، شاخەوان ڕەئوف مستەفا بۆ سەرۆک و باڵانبۆ محەممەد عەلی بۆ جێگر و حکمەت محەممەد ئەبو زەید بۆ بڕیاردەری لیژنەی ناوخۆ و ئەنجوومەنە خۆجێیەکان، ئیسماعیل عەلی تەها بۆ سەرۆک و چیا حەمید شەریف بۆ جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، هەڵبژێردران، هاوکات گۆڕانکاری لە دەستەی سەرۆکایەتیی حەوت لیژنەی تری پەرلەمان کرا ، و هەریەک لە پەرلەمانتاران عەبدولستار مەجید قادر بۆ سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، سەلە فاتیح تۆفیق بۆ سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان ، (عەلی حەمە سالح بۆ سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی ، لوقمان حەمەد حاجی مستەفا بۆ سەرۆکی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار، ئەبو بەکر عومەر عەبدوڵڵا بۆ بڕیاردەری لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی، ڕزگار محەمەد مەحمود بۆ بڕیاردەری لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، موسلیم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ بۆ جێگری لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و تۆیژینەوەی زانستی هەڵبژێردران و دەنگی پێویستی ئەندامانی لیژنەکانیان بەدەست هێنا .

پاشان هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دوابەدوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی ئەو لیژنانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، جەختی لە گرنگی کاری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردەوە لە نووسینەوەی پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان و چاودێری کاروباری وەزارەت و لایەنە پەیوەندەرەکانی حکومەت و بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانی هاوواڵتیان، هاوکات تەئکیدی لە کاری پێکەوەیی و یەکتیمی و هەماهەنگی نێوان پەرلەمانتاران و لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردەوە .

داعش لە دەرفەت دەگەڕێت دەست بوەشێنێت



لە هەندێ ناوچەی عێراق چەکدارانی سەر بە گرووپی تیرۆریستیی داعش چەند ڕۆژێکە دەستیان بە جوڵەی زیاتر کردووە، ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگەش هۆشداری دەدات لە بەهێزبوونەوەی داعش و دەڵێت، داعش لە دەرفەتێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی دەستی خۆی بوەشێنێت.

نووری حەمەعەلی، بەرپرسی میحوەری باشوور و ڕۆژئاوای کەرکووک، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: داعش و ئەوانەی فیکری هاوشێوەی داعشیان هەیە، لە عێراق خۆیان مەڵاس داوە و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی دەستی خۆیان بوەشێنێت، لە ماوەیەکی جیهان داعش دەرفەتی بۆ ڕێکبکەوێت، دەستی خۆی دەوەشێنێت و خەڵکی سڤیل دەکەنە ئامانج، ئەوەش بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان لە جیهان و ناوچەیەکە، بەداخەوە ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە، تا ئێستا کار لەسەر ئەو ناوچانە نەکراوە کە داعشی تێدا پەیدا بووە، لەبەر ئەوە پێویستە چی زووە حکوومەتی عێراق کار لەسەر ئەو ناوچانە بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داعش بەهێز نەبێتەوە وەک پێشوو.

بەرپرسی میحوەری ڕۆژئاوای کەرکووک دەشڵێت: پێویستە وەزارەتی بەرگریی عێراق هەماهەنگی تەواوی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ئەوەی پێکەوە بەگژ داعشدا بچنەوە و نەهێڵن دووبارە سەرهەڵدەنەوە، بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت پێشمەرگە و سوپای عێراق پێکەوە ئۆپەڕاسیۆن بۆ لەناوبردنی داعش ئەنجام بدەن. گوتیشی، نەبوونی پێشمەرگە لە هەندێ ناوچە، کاریگەری لەسەر بەهێزبوونەوەی داعش هەبووە، چونکە هێزی پێشمەرگە دەتوانێت بەرەنگاری مەترسییەکانی داعش ببێتەوە.

نووری حەمەعەلی:

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێم لە پۆڵەندا و ڕەوەندی کوردی چەند سیمیناڕێکیان سازکرد



نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وارشۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ قوتابیی کوردستانییەکان و ڕەوەندی کوردی لە پۆڵۆنیا ڕێکخست، نزیکەی 50 کەسایەتی و قوتابی و قوتابیانی دکتۆرا و ماموستای زانکۆ و خاوەنکار و دکتۆر و چەندین کەسایەتیی ناسراوی کورد بەشداریان لە دیدارەکەدا کرد، هەروەها محەمەد ڕەشید باڵیۆزی عێراق لە وارشۆ ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

کۆبوونەوەکە بە گوتەی زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا سالانە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و چالاکی تایبەت بە ڕەوەندی کوردی سازدەکات وەک (یەکترببینینی سەرەتای ساڵ و جەژنی نەورۆز و سیمیناری جیاجیا و پرۆژە هونەرییەکان.

هەرێم هەمیشە والایە بۆ هەمووان و ستافی نوێنەرایەتیش ئامادەن بۆ هەر یارمەتییەکی کوردستانیان بەپێی توانایان، داواشی لە ئامادەبووان کرد هەر کێشەیەک، ڕەخنەیەک، پێشنیارێکیان هەیە بێخەنەڕوو، چەند کەسایەتییەکی کوردی بە ئەزموونی دانیشتووی پۆڵۆنیاش قسەیان بۆ ئامادەبووان کرد و هەندێک سەرنج و ڕێنماییان دایە ئامادەبووان.

هەروەها پێشەنگ حەمەکەریم، قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی وارشۆ سیمیناڕێکی کورتی پێشکەش کرد و بەشێکی تری بەرنامەکە پێشکەشکردنی سیمیناڕێکی دیکە بوو لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد نەبەز، سیمیناڕەکە بە ڤیدیۆ ئارتێک دەستیپێکرد و باسی لە ئازارەکانی جەنگ دەکرد و دواتر بەشێک لەو تابلۆیانەی پیشانی ئامادەبووان دا کە لە پێشانگای سەنتەری ڕۆشنبیری نێودەوڵەتی کراکۆڤ نمایش کرابوون، بە دەستپێشخەری و هاوکاری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا ساڵانە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و چالاکی تایبەت بە ڕەوەندی کوردی سازدەکات وەک (یەکتربینینی سەرەتای ساڵ و جەژنی نەورۆز و سیمیناری جیاجیا و پرۆژە هونەرییەکان.

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وارشۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ قوتابییە کوردستانییەکان و ڕەوەندی کوردی لە پۆڵۆنیا ڕێکخست، نزیکەی 50 کەسایەتی و قوتابی و قوتابیانی دکتۆرا و ماموستای زانکۆ و خاوەنکار و دکتۆر و چەندین کەسایەتیی ناسراوی کورد بەشداریان لە دیدارەکەدا کرد، هەروەها محەمەد ڕەشید باڵیۆزی عێراق لە وارشۆ ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

کۆبوونەوەکە بە گوتەی زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا سالانە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و چالاکی تایبەت بە ڕەوەندی کوردی سازدەکات وەک (یەکتربینینی سەرەتای ساڵ و جەژنی نەورۆز و سیمیناری جیاجیا و پرۆژە هونەرییەکان.

هەرێم هەمیشە والایە بۆ هەمووان و ستافی نوێنەرایەتیش ئامادەن بۆ هەر یارمەتییەکی کوردستانیان بەپێی توانایان، داواشی لە ئامادەبووان کرد هەر کێشەیەک، ڕەخنەیەک، پێشنیارێکیان هەیە بێخەنەڕوو، چەند کەسایەتییەکی کوردی بە ئەزموونی دانیشتووی پۆڵۆنیاش قسەیان بۆ ئامادەبووان کرد و هەندێک سەرنج و ڕێنماییان دایە ئامادەبووان.

هەروەها پێشەنگ حەمەکەریم، قوتابی دکتۆرا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی وارشۆ سیمیناڕێکی کورتی پێشکەش کرد و بەشێکی تری بەرنامەکە پێشکەشکردنی سیمیناڕێکی دیکە بوو لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد نەبەز، سیمیناڕەکە بە ڤیدیۆ ئارتێک دەستیپێکرد و باسی لە ئازارەکانی جەنگ دەکرد و دواتر بەشێک لەو تابلۆیانەی پیشانی ئامادەبووان دا کە لە پێشانگای سەنتەری ڕۆشنبیری نێودەوڵەتی کراکۆڤ نمایش کرابوون، بە دەستپێشخەری و هاوکاری نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وارشۆ کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ قوتابییە کوردستانییەکان و ڕەوەندی کوردی لە پۆڵۆنیا ڕێکخست، نزیکەی 50 کەسایەتی و قوتابی و قوتابیانی دکتۆرا و ماموستای زانکۆ و خاوەنکار و دکتۆر و چەندین کەسایەتیی ناسراوی کورد بەشداریان لە دیدارەکەدا کرد، هەروەها محەمەد ڕەشید باڵیۆزی عێراق لە وارشۆ ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو.

کۆبوونەوەکە بە گوتەی زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا سالانە کۆمەڵێک کۆبوونەوە و چالاکی تایبەت بە ڕەوەندی کوردی سازدەکات وەک (یەکتربینینی سەرەتای ساڵ و جەژنی نەورۆز و سیمیناری جیاجیا و پرۆژە هونەرییەکان.

پەرلەمانی عێراق ئیمتیازاتی سەرۆککۆمار و بەرپرسانی وڵاتەکەی هەڵوەشاندەوە

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، یاسایەکی دەرکرد و تێیدا سەرجەم ئیمتیازاتەکانی بەرپرسانی وڵاتەکەی لە بەرێوبەبەری گشتییەوە تاوەکو سەرۆک کۆمار هەڵوەشاندەوە. مالپەڕی فەرمیی پەرلەمانی عێراق بڵاوی کردەوە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتی سەرجەم بەرپرسانی دەوڵەتی عێراقی پەسەندکردووە. لە ئەنجامی ئەم یاسایەدا ئیمتیازاتی سەرجەم بەرپرسان هەر لە بەرێوبەبەری گشتییەوە تاوەکو دەگاتە سەرۆککۆمار، هەڵوەشێندراوەتەوە. لە سالانی ڕابردووشدا لە ئەنجامی هۆکاری سیاسی و پاش دەربڕینی ناڕەزاییەکی گەورەی خەڵک، پەرلەمانی عێراق چەندان یاسای دەرکرد کە لەنێویاندا ساڵی 2015 بە یاسایەک ئەو پارەیە هەڵوەشێندرایەوە کە بە پەرلەمانتاران دەبەخشرا و بڕەکەی کەم کرایەوە. هەروەها تەرخانکردنی پارە لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقیش هەڵوەشێندرایەوە.

ماوەیەکە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی جەماوەریان بەخۆیانەوە بینیوە کە تێیدا خەڵکی داوای چاکسازی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان و ڕەخساندنی هەلیکار و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکەن، بەڵام هەندێک لایەنی سیاسی بەردەوام هەوڵدەدەن دۆخەکە بۆ هەموارکردنی دەستوور بە زیانی قەوارەی هەرێمی کوردستان یان پرسی دیکەی سیاسی بقۆزنەوە.

بەرەو یادکردنەوەی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە



ساسان دەرویش-هۆڵەندا:

هەموو ساڵێک لەیاد و بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، ئۆفیسی ئەوروپا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنەکانی ئەو یادە بەرز ڕادەگرن بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی هەمەڕەنگ. خاتوو فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەوروپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ئێمەی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیش لەگەڵ ڕەوتی قۆناغە جیاوازەکان و تەممەنی ڕێکخراوەکەمان کە پێدەنێتە 67ساڵی لە خەبات و تێکۆشانی کە لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر هاتووەتە دامەزراندن، لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادی و یەکسانی بۆ ئافرەتی کورد، بەراورد بە ئەمڕۆ ئافرەتی کورد زۆر بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ئەمەش بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆری ئافرەتی کورد لەو خەباتە بێوچانەی کە کردوویەتی لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە بڕینی هەنگاوەکانی و تێکشاندنی بەربەستەکانی بەردەمی تا بەئەمڕۆیان گەیاندووە.

گوتیشی: لە تەمەنی 67 ساڵیدا ئافرەتی کورد چەکوشی پەرلەمان و بڕیاردانی بەدەستەوەییە و لە هەموو جومگە هەستیارەکانی حکوومەت و فەرمانگەکان بوونیان هەیە و ڕۆڵی گرنگ دەبینن تا بەوەی کە لەنێو لەشکر و سوپای کوردستانیش نمونەی جوانی ئاشتین بۆ ئازادی کوردستان، لە پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکانیشدا خۆیان بە بەرپرس زانیوە و بەشێکی هەموو ئەرکگرانیان خستوەتە سەرشانی خۆیان لە پێناوی ولاتێکی ئازام و سەقامگیردا، ئێمەش لە پاڵ کار و چالاکییەکانی خۆمان هاوکاری ئافرەتان بووین وەک ئەرکی ڕێکخراوەیی و پیشەییمان لە ئەوروپاوە بۆ ئاوارەی کوردە لەنێو کەمپەکان کە لە کەمپینەکانمان بەردەوام بین و بەپێی توانای خۆمان هاوکارییان بکەین، دەنگ و ڕەنگی ئەوان بگەیەنین بە گوێی دەزگا نێودەوڵەتی و خێرخواز و مرۆڤدۆستەکان، لە یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی 67ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەشمان لەو چوارچێوەیەدا دەبێت کە بتوانین یادێک بکەینەوە لە دەرخستنی توانای زیاتری ئافرەتی کورد لە تاراوگە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی هەمەڕەنگ لەژێر دروشمی پشتگیری بەردەوامی بۆ پێشخستنی کوردستانێکی بەهێز یادی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەرزڕابگرین، ڕۆژی شەممە30ی نۆڤەمبەری2019 ئۆفیسەکەمان بە هەمانگی ئەنجوومەنی هۆڵەندای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان مەراسیمێکی شایستە بەو یادە ڕێک دەخات لە شاری ئەلیرەی هۆڵەندا لە کاتژمێر یەکنیوی دوانیوەڕۆ بەم ناونیشانەی خوارەوە:

op zaterdag 30-11-2019
om 13:30 uur
Danslaan 66
1326 PL Almera

www.xebat.net
خەبات | پێنج شەممە 2019/11/21 ژمارە (5876)

مەلا بەختیار: جێبەجێنەکردنی دەستوور عێراقی دوچاری چەندین کێشە کردووە

بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترین شت جێبەجێکردنی دەستوورە لە عێراق



مەلا بەختیار، لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە پانێلی هەولێر و بەغدا لە دیداری ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەلاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئەمەریکی لە دهۆک رایگەیاند جێبەجێنەکردنی دەستور عێراقی دووچاری چەندین کێشە کردووە و هەندێک لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست تەنها بە روالەت لەم سەردەمەدان، بۆیە ناتوانن پابەندبن بە دەستوور و بنەماکانی دیموکراسیی و مەدەنی.

بەگوێرەی کوردستان24 مەلا بەختیار، راشیگەیاند: رووداوەکانی ئێستای رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەریخست هەندێک ولات بە روالەت لەم سەدەیەن، بەڵکو لە جەوهەردا هێشتا لە سەدەکانی ناوەڕاست دان، وەرچەرخان بە مانای مۆدێرنیەت و دیموکراستی و مەدەنی و پابەندبوون بە دەستور لەم ولاتانە بوونی نییە، بۆیە کاتێک ئەو ولاتانە توشی قەیران دەبن دەگەڕێننەوە خاڵی سفر و بیر لەوە دەکەنەوە چۆن بنیاتی بنێنەوە، ئەمە خاڵێکی جەوهەری و ستراتیژییە، تا ئەم ولاتانە لە هەژموونی سەدەکانی ناوەڕاست رزگار نەبن ناتوانن بێنە ئەم سەردەمە، ناشتوانن بەپێی هەلومەرجی ئەم سەردەمە کێشەکان چارەسەر بکەن، چونکە چارەسەرکردنی کێشەکان تەنها بە ڕێگەی دیموکراسی و پابەند بوون بە دەستوور دەبێت. گوتیشی: بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترین شت جێبەجێکردنی دەستوورە لە عێراق، لە دوای 2003 تائێستا دەستوور جێبەجێ نەکراوە، بۆیە ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووینەتەوە، کێشەی ئابووری هەبوو نانیان بڕین، ریفراندۆم کرا پەلاماریان داین، 16 ساڵە بۆ جێبەجێکردنی دەستوور هاتووچۆمان پێدەکەن، ئەمانە کێشەی گەورەن و لە ئەستۆی ئەم حکوومەتانەدان. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا مەلا بەختیار ئەوەی خستەڕوو: ئەگەر حکوومەتی عێراق بیەوێت خۆی لەم کێشانە دەرباز بکات، پابەندبوونە بە دەستوور، تا دەستوور جێبەجێ نەکەن مەحاڵە کێشەکان چارەسەربن، ئێستا مەترسی ئەوەش هەیە ئەگەر هەموارکردنەوەی دەستوور بکەوێتە دەست هەندێک کەس لە عێراق، ئەوا لە روانگەی نا دیموکراسییەوە دەستوور هەموار دەکەنەوە و عێراق دەبەنەوە بۆ گێژاوی رابردوو، بۆیە هیوادارم راپەڕینەکانی ئێستا عێراق ببەنە قۆناغێکی دیکەوە بۆ هەموو پێکهاتەکان.

بەدیکۆمێنتکردنی تاوانەکانی داعش و هەوڵی رزگارکردنی رفێنراوە ئێزیدییەکان هاوتەریب بەردەوام دەبێت

خەبات - مەریوان نەقشبەندی

بەرپرسێکی نووسینگەی رزگارکردنی ئێزیدییە رفێنراوەکان لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ ڕێنماییە بەردەوامەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی هەوڵەکانی رزگارکردنی ئەو ئێزیدیانەی کە لەلایەن داعشەوە سالی 2014 رفێنرون و تائێستاش چارەنووسیان دیار نییە گوتی: پرۆسەی بەدیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی ئێزیدیەکان و هەوڵی رزگارکردنی ئەو ئێزیدیانەی داعش رفاندوونی هاوتەریب بەردەوام دەبێت.

خەیری بوزانی بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزیدییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە هاوکات یەکێکە لە بەرپرسە چالاکەکانی نووسینگەی بەدواداچوون و رزگارکردنی ئەو ئێزیدیانەی کە تیرۆریستانی داعش رفاندوونی لە لێدوانێکی تایبەت بە رۆژنامەی خەبات تیشکی خستە سەر پرۆسەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی ئەو ئێزیدیانەی کە لە دەستی داعشن و هەوڵی بەجینۆسایدناساندن و بەدیکۆمێنتکردنی تاوەکانی داعش دژی ئێزیدییەکان بەردەوام دەبێت.



لەبارەی شێوازی بەدیکۆمێنتکردنی ئەو تاوانانە خەیری بوزانی گوتی: چەندین کتێب و نامیلکە و لێکۆڵینەوەی زانستی و نامەی ماستەر و دکتۆرا لەسەر چیرۆکەکان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینییەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی سالی 2014 هەیە کە بەشێکیمان چاپکردووە و ئەوەش دیکۆمێنتی میژوویی گرنگ دەبێت و لە ئایندەشدا هەوڵی هاوشێوەمان بەردەوام دەبێت. خەیری بوزانی کۆمەڵێک لەو کتێب و نامیلکە چاپکراوانەی خستەبەردەم رۆژنامەی خەبات و تەئکیدی کردەوە کە شیعر و رۆمان و لێکۆڵینەوەی زانستی گرنگی تێدایە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی میژوویی گرنگ لە پرۆسەی بەجینۆسایدناساندنی ئەو تاوانە گەورەیەی دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی کراوە.

شنگال ..پەکەکە و حەشدی شەعبی بازگەی بازرگانیی هاوبەش دادەنێن

چەکدارانی پەکەکە لە ڕێگەی هێزەکانی لە سنووری شاری شنگال، بە هاوبەشی لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، بازگەی بازرگانی دادەنێن. بەپێی زانیارییەکان لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە ، لەماوەیەی دوایی، پەکەکە و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە سنووری شنگال، بازگەی بازرگانییان داناوە و پارە لە خەڵک وەردەگرن.

هەر لەمبارەیەوە ئیدریس زۆزانی، بەرپرسی نووسینگەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی شنگالی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند چەندان جار بە پەکەکەیان گوتووە، شنگال چۆڵ بکەن تاوەکوو ئیدارەی شەرعی بۆ شارەکە بگەڕێتەوە، بەڵام بە قسەی ئێمە ناکەن. ئەوەشی خستەڕوو کە لەم دواییانەدا دۆخی شنگال لەنێو مەترسییەکی زۆردایە و ژمارەی هێرشی فڕۆکە جەنگی و فڕۆکە بێفڕۆکەوانە هێرشبەرەکانی تورکیا لە شنگال زیادیان کردووە. ئەو بەرپرسەی پارتی لە سنوورەکە زانیارییەکانی لەبارەی دروستکردنی بازگەی بازرگانی لەنێوان پەکەکە و حەشدی شەعبی پشتڕاستکردەوە و ئاشکرای کرد کە ئەو کەسانەی لە بازگەکەوە تێپەڕ دەبن، بەتایبەتیش ئەوانەی کە کاڵایان پێبێت، لەلایەن پەکەکە و حەشدی شەعبییەوە پارەیان لێدەسەندرێت و دواتریش پارەکە لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن.



ئێران... لە خۆپیشاندانەکانی 6 ڕۆژی ڕابردوودا 47 کەس کوژراون و زیاتر لە 3 هەزاریش دەستگیرکراون

ماوەی شەش ڕۆژە خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە 17 پایزیگای ئێران دەستیپێکردووە و دوێنێ چوار شەممەش خۆپیشاندانەکان هەر بەردەوامبوون و بەشی زۆری شارە گەورەکانی ئێران لە دۆخێکی ئەمنیدان و هێشتا ئینتەرنێت لە سەرتاسەری ئێران پچڕاوە. شارەکانی مەریوان، کرماشان زۆر ئالۆز بووە و ناوی دوو کەسی دیکەش لە کوژراوەکان ئاشکرا بووە و هاوکات لە خۆپیشاندانەکانی تارانیش هاوواڵتییەکی کورد کوژراوە. لەمبارەوە ئاژانسی هەواڵی کوردپا بڵاوی کردووەتەوە: ڕۆژی ڕابردوو، هێزە ئەمنییەکان لە شاری کرماشان بڵاوکراونەتەوە، بە تایبەتی لە شوێنەکانی سێ ڕێیانی تاقەوسان، ئیلاهییە و بنکەی سەربازیی دەوڵەت ئاوا، دەستڕێژی گوللەی لە خەڵک کردووە و لەو ڕووداوەدا دوو بڕا کە ناوەکانیان ئاشکرا نەبووە، کوژران یەکێک لەو کەسانە میرمندالێکی تەمەن 16 ساڵە.

تاکوو ئێستا ئاماریکی دروست لەسەر کوژراو و بریندار و دەستگیرکراوەکانی شاری کرماشان لەبەردەست نییە و تەنیا شوناسی سێ کەس ڕوونە کە بریتین لە: نادر بیرانوەند، 22 ساڵە، خەڵکی گەڕەکی جافرئاوای شاری کرماشان، ڕامین میرزایی، تەمەن 21 ساڵ، خەڵکی گەڕەکی دەوڵەت ئاوا و موزەفەر زەهیری، کوڕی نسوور.

زانیارییەکان باس لەوەش دەکەن لە نەخۆشخانەی تالقانیی بەشێکیان تایبەت بە کوژراو و بریندارەکانی کرماشان دیاری کردووە و جگە لە هێزەکانی سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەکان، تەنانەت مۆڵەتی چارەسەرکردنی بریندارەکانیان بە دکتورەکانی ئەو نەخۆشخانەیەش نەداوە. بە گوێرەی زانیاری و ئامارەکانی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، تاکوو ئێستا لە شارەکانی کرماشان، جوانڕۆ، سنە، مەریوان، سەقز و بۆکان لە خۆپیشاندانەکانی شەش ڕۆژی ڕابردوودا 47 کەس کوژراون و زیاتر لە 300 کەسیش دەستگیرکراون و بە سەدان کەسیش بریندارن.

بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێت کە بە فەرمانی ناوەندە ئەمنییەکانی ئێران بڕاوە، ئاماری ڕاستەقینە و دروستی کوژراو و بریندارەکان دیار نییە و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و سەرچاوە خۆجێییەکان دەڵێن ئامارەکان زۆر لەوە زیاترن کە بڵاو کراونەتەوە و باس لەوە دەکرێت لە سەرتاسەری ئێران زیاتر لە 3 هەزار خۆپیشاندەر دەستگیر کراون.





شەنگە هاوارکاکەیی

حکوومەت و بەرنامەی چاکسازی

لە دیبەتی میریدا زۆر گفتوگۆی گەرم هاتنە بەر باس و خواست سەبارەت بە هێڵە گشتییەکانی سیاسەت و گۆڕانکارییە دەستوورییەکانی عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان. هەرچەندە تەوەرەکان سەرجەمیان گرنگن، بەڵام یەک خاڵی جەوهەری تێکڕای پرسەکانی بووژاندەوە بۆ وێردێکی شیرینی وتوویژەکان کە بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەرمووی دەبێ خزمەتکار بن. تێڕامانی دیبەیت و ئامۆژگاری کاک مەسرور بارزانی لەکارکردن بۆ بەرجەستەبوونی مافی هاوواڵتییان و دەوڵەمەندکردنیەتی بە ئەجێندای چاکسازی و خۆشگوزەرانی هاوواڵتییان لە دامەزراوە فەرمییەکان بە بنەمایەکی یاسایی پتەو و گرێدانی بە تەکنیکی تەکنەلۆجی و زمانی سەردەم.

ئەمانە ئەگەرچی گوزەرشتەیەکن و بووەتە هاجیس و خەونێکی دووری تاکی کوردی، بەڵام کە خەمی هاوواڵتیی و هاوواڵتییوون لە ئەولەویاتی خەمەکانی سەرۆک وەزیرانە و دڵنیاشین لە ئایندەیەکی نزیکدا دەبنە راستییەکی سەلێندراو. دیارە پێداگیریی و دامەزراندنی ئەم بنەمایانە لەکاتێک دایە کە دیاردەی بۆرجوازیەتی وەزیفی و فەرامۆشکردنی مافی هاوواڵتییان لەئارادایە و خەریک بوو سەلیقە و ئەدای وەزیفی موئەسەساتی هەرێم لە ڕێڕەوی سرووشتی خۆی لابچێت و بە پەتای گەندەڵی بخنکێت، هەرچەندە دیاردەی ئیستیعلای وەزیفی بەخۆ زۆلزانین و فەرامۆشی و کەمتەرخەمی هەرگیز سیمایەکی شاراوە نەبوون لە سیمای ئەم دامەزراوانەدا، کە لە بنەڕەتدا دەچێتە قاڵبی نەخۆشییە دەروونییەکان، ئەم پەتایە بەربڵاوە وەکو ئافاتێکی بنبڕکەر و ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بەسەدان پێشنیاری پێشنیاز کراو خرانەڕوو، بەڵام دەپرسین گرنگترینیان کامانەن؟ ئەوە دەبێ فۆکس بخەینە سەر پۆختی ئاراستەکان کە دەبێ لەسەر بنەمای وەلای نیشتمانیی ڕەوتی نەتەوەیی دەستیان گەرم بێ لە دەسەڵات و دابەزراون و ئەم دامەزراوانە بڕازێندرێتەوە بە خوێنی فرێش و وزەی ئەکتیڤ و کاراما لە کوڕان و کچانی نیشتمان، کە ئەم بنەمایە خۆرسکە لە تێفکرینی مەدرەسەی بارزانیی نەمر وەرگیراوە لەمەڕ پرسە نەتەوەییەکاندا چ لە مەسەلەی باوەڕبوون بە یەکسانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری چ لە بابەتی وەلائی.

کاتێک بیر لە هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکراسیەتی وەزیفی دەکرێتەوە تاقە ئامانج لەم هەڵکۆڵینەوە بۆ ئەوەیە کە ئەم دەسەڵاتە لە داڕشتنی یاسایەکی بەرقەرار بە بوعد و مەنزوومە ئینسانییەکەیەوە دوور لە جیاوازی جەندەری و پەتای گەندەڵی سەرکەوتووبێت. دیارە گۆڕینی پۆستە سەرکییەکان هەر چوار ساڵ جارێک گولۆڕێژێکە بۆ گەشەی دیموکراسییەت و کوشتنی قۆرخکاری بەرپرسان، چونکە کورسی تا سەر بۆ کەس نییە.

ئەم مۆدێلە باوەی ئێستاش بەرجەستەیە هەرچەندە سەوابت نییە و دەکرێ بگۆڕدرێ بەهۆی گەشەسەندن لە دامودەزگاکان کە لە دەرئەنجامی ئەو عورفە وەزیفییە فاسیدانە هاتووەتە ئاراوە کە کەڵەکەبوونی سیاسەتی پاشماوە وێرانەکەی حزبی بەعس و ڕژێمی پێشووە، کە بە بۆماوەیی وەرگیراوە وەکو نەریت و عورفێکی باو لە زیهنیەتی ئەو چینەدا سەوز بووە و کە باوەڕی بەو گفتە بێ بنەمایانە هەبوو، کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتییدا بە یاسا کارابوون بە مەبەستی مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵاتی خۆی لە سەرجەم کایەکاندا و ئەم ئاسەوارانەش زۆر بە زەقی بەدیدەکران.

تەنانەت پاش ڕووخانی ڕژێم و دامەزراندنی عێراقی فیدراڵ هەمان پەتا بنبڕنەکرا، بگرە خێراتریش گەشەی کرد، چونکە ئەمجارە بە هاوبەشی بزاوتێکی ڕێکخەری ئایینی هاوردەوە هاتە کایەوە بە باوەڕی دیموکراسیەتێکی تەوافوقی شکستخواز، کە سەرجەم دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی هەرس پێ هێنا.

داڕشتی سیاسەتی فەرق تەسود و تایفەگەریی مەزهەبی لە عێراقی تازەدا دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کەوتە ژێر تەوژمی ئەحزابی هاوردە لە هەردوو باڵی شیعی و سوننی و لە هەژموونی ئەم کاریگەریانەشدا عێراق بووە دیارترین وڵات لە بواری گەندەڵی و هاوواڵتیبانی عێراقیش مافیان پێشێلکراو دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا نە لە ژیانێکی ئاسوودە و نە لە سیاسەتێکی ئارامیش.

ئەم دەرهاوێشتانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە گەلی عێراق برا گەورەیەکی نیشتمانییان نییە لە خەمەکانی نیشتمان بپێچێتەوە، بۆیە نە ڕوئیا و نە دواڕۆژیان دیارە و نەپلان و نە ستراتیژیش، چونکە ئەوانەی لە دەسەڵاتن بە تەوژمی نیشتمانپەروەری گۆش نەکراون، بگرە دەتوانین بڵێین بە نۆکەری بێگانە لە دەسەڵات رسکاون و جێگەی سەرسوورمانیش نییە کە دەبینین نیوەی بودجەی عێراق بۆ نەفەقاتی سیادی تەرخان کراوە و تەنگژەی ئەم قەیرانەش گەیشتە هەرێمی کوردستان و پڕوشکێک لەم ئاگرەمان بەرکەوت. ئەمەش بەهۆی پابەندبوونی ناچاریی هەرێمی کوردستان و لکاندنی بە حکوومەتی عێراقی شکستخوازەوە، ئەم هۆکارەش وای کرد کە بەربەست و تەگەرە دروست بێت لەپێداچوونەوە بە یاسا کارگێڕییەکان و لەم ڕوانگەیەشەوە دەنگی نەشازی سکاڵای پەرلەمانتارانی هەرێم بەرزبووەوە بۆ هاوتاکردنی مووچەکانیان بە بەراورد بە پەرلەمانتارێکی عێراقی کە دوو هێندەی مووچەی پەرلەمانتارانی کوردستانە، بێ ئاگا لەو ڕاستییەی کە بەرپرسانی عێراق بە ڕەهەندێکی داگیرکەرانە و نەزعەتێکی شۆڤێنی دەستیان گەرم بووە لە دەسەڵات، نەک بە ڕەهەندی نیشتمانی و موئەسەساتی، کە لە ئەزموونی حوکمڕانی کوردیدا بوونی هەیە، ئەوەی چاوەڕوانیش دەکرێ لە هەنگاوی داهاتووی بەرنامەی چاکسازی، چاوخشاندنەوەیە بە مووچەی پلە پلەبااڵکان وەکو ئاوردانەوەیەکی تازە، بۆ ڕسکاندنی حکوومەتێکی بەهێز و پرۆفیشناڵ.

*** ماستەر لە پاسای گشتی، زانکۆی حیکمە بەیروت**

لیزا کاکەیی دەنگۆیەکان ڕەتدەکاتەوە

حکوومەتی هەرێم لە پرۆژەیاسای چاکسازیدا هیچ دەرماڵەیەک نابڕێت



ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی پرۆژەیاسای چاکسازی و کاتی گەیشتنی بۆ پەرلەمان دەدات و، ڕەتیشی دەکاتەوە هیچ دەرماڵەیەک ببڕدرێت وەک ئەوەی کە چەند کەسێک بە بێ زانیاری باسی دەکەن.

لیزا فەلەکەدین کاکەیی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: چەند لایەنێک بە جۆرێک لە جۆرەکان دەیانەوێت کێشە بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی دروست بکەن، بەڵام هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ ئەم مەبەستە بەردەوامن لەو چوارچێوەیەشدا ڕەنگە هەفتەی داهاتوو حکوومەت کۆبوونەوەی کۆتایی لەسەر بکات و بینیرێتە پەرلەمان. سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە باس لەوە دەکەن گوایە لە پرۆژەیاساکەدا دەرماڵەی فەرمانبەران دەبڕدرێت، لیزا کاکەیی ڕایگەیاند: هیچ دەرماڵەیەک نابردێت، تەنها ئەو دەرمالانە نەبێت کە بە شێوەیەکی نایاسایی بەستراون، کە ئەمەش بەشێکە لە چاکسازی، بۆ نموونە فەرمانبەرێک لە قوتابخانە دەرماڵەی مامۆستایی بۆ بەستراوە، یان فەرمانبەرێک لە وەزارەتی کارەبا دەرماڵەی مەترسی بۆ بەستراوە کە ئیشی چاککردنەوەی کارەبا ناکات. ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا: حکوومەتی هەرێم سوورە لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژەکە و ئێمەش پاڵپشتیی دەکەین.

حەسیبە گەردی، ئەندامی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژمارەیەک زانکۆ و کۆلیژ هەن کە زۆربەیان دەکەونە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەک دەوروبەری کەرکووک و مووسڵ، بەڵام کێشەیەک بۆ قوتابیانی ئەو زانکۆیانە پەیدا بووە، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان دان بە بڕوانامەکانیاندا نانێت. ئەندامەکەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا گوتی: هەر بڕیارێک دەربچێت، پێویستە ڕەچاوی قوتابیان بکرێت، کە پێشتر بڕیاری دانپێدانەنانیان دەرچووە، پێویستە بوو وەزارەتی خوێندنی باڵا خوێندنی ئەو قوتابییانە لەبەرچاو بگرێت، کە چەند قۆناغێکیان بڕیوە. گەردی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: ژمارەیەکی زۆر لەو قوتابییانە دانیشتووی هەرێمی کوردستانن و داوا دەکەن دان بە بڕوانامەکانیاندا بنێن، چونکە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقەوە دانپێدانیان هەیە و تەنیا لە هەرێمی کوردستان کێشەیان بۆ دروست بووە. حەسیبە گەردی دەڵێت: بڕیارە لە 2019/11/21 یان سەرەتای حەفتەی دابێت، وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان بڕیارێکی نوێ دەربارەی چارەنوسی ئەو دەرچوانە دەربکات، کە تێیدا دان بە بڕوانامەی ژمارەیەکی زۆریاندا دەنێت و لە هەوڵدایە ئەوانەی ئێستاش لەو زانکۆیانە بەردەوامن لە خوێندن، دانیان پێدابنێت و کێشەکە بە یەکجاری چارەسەر بکرێت.



بڕیارێکی نوێ بۆ دەرچووانی زانکۆکانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەردەچێت

قوتابی و مامۆستا و ڕوشەنبیرێن شنگالێ د تومارکرنا سەرکەفتنان دا ڕۆلەک بەرچاڤ هەبوویە



ب ئامادەبوونا هەژمارەکا ئێکجار زۆرا قوتابییێن شنگالێ و دهۆکێ وێ ییّن زانکوییێن دهوکێ و ژ بو سەلماندنا کوردستانی بوون و کوردبوونا ئێزدیان، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسێ ڕاگەیاندنێ یێ پارتی دیموکراتی کوردستانی، هێڤی ئیبراهیم ئەحمەد، ڕۆژا ئەمڕۆ سێشەمە 19ی ئادارێ 2019ێ ل هۆلا کۆنگرێسا نەتەوەیی یا کوردان ل دهۆکێ ب شێوازەکێ فراوان و ب بەشداریا بەرپرسێن بلند یێن پارتی و حکوومەتێ و ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ پارێزگەها دهۆکێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا شێخان و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا بارزانێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا سەمێلێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا ئاکرێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا زاخۆ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا ئامێدی و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا شێلادزێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا ڕەشکەفتێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا ڤەلا و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا بێرڤانێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا سپیلکێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ ناحیا ئاڤدێ و ئەندامێن ئەنجومەنێ ئیدارێ قەزا شێخان

وەرشەی ناوەندی هەولێر.. شوێنی بووژانەوەی دڵی ئامێرە قورسەکان

ئەگەر حکوومەت بوودجەی زیاتریان بۆ دابینبکات، کاری زیاتر دەکرێت

ئا: ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار

کاتێک دەگەیتە بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی وەرشەی ناوەندی هەولێر ,تابلۆیەکی بچووک سەرنجت ڕادەکێشێت، بەڵام کە تابلۆکە بە ئاڕاستەی ناوەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە جێدەهێڵیت و پێدەنێیتە ژوور و هۆڵە گەورەکان، ئیدی چاوت بە دونیایەکی جیاوازتر دەکەوێت! لە هەموو لایەکەوە دەنگی ئامێر و چەکووشەکان دەبیستیت و جوڵەی کارمەندەکان دەبینیت. چەندان هۆڵی گەورە و هەزاران ئامێری شکاو و ماتۆڕی لەکارکەوتوو و غەتاس و غەنزیرە و مۆلیدەی کارەبایی و قوفڵی ئاو و شەفت و پەمپ و سەدان جۆری دیکەش لە کەلوپەلی قورس و بچووک پێناسەی شوێنەکەت بۆ دەکەن، دەکرێ ناوی بنێین شوێنی بووژانەوەی دڵی ئامێرەکان!





لەوێ چی دەگوزەرێت

بەڕێوەبەرایەتیی وەرشەی ناوەندی هەولێر سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەرچی شوێنی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ڕاستەوخۆ کۆنتاکتی لەگەڵ سەرجەم شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەو دەزگا گرنگە بەوەی خزمەتی فەرمانگەکان دەکات، بە بووژانەوەی دڵی ئامێر و ماتۆڕە کارەباییەکانی بیری ئیرتیوازی و چاککردنەوەی پەمپ و شەفت و قوفڵی گەورەی ئاو و مۆلیدە و غەتاس و بووش و چەگ وەلف و دەیان جۆری دیکەی ئامێرەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارەوە هەیە بۆ هاوواڵتیان، هەر کە سەردانی ئەو شوێنە دەکەیت، ئەوکات باشتر دەزانی لەوێ چی دەگوزەرێت.

بەیانییەکی زوو بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی کارمەندانی وەرشەکە، تیمێکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی شارەوانی لەسەر فەرمانی ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار خۆیان دەکەن بە بەڕێوەبەرایەتییەکە و بۆ یەکەمجار چاوی میدیا دەکەوێتە سەر شوێنی بووژانەوەی دڵی ئامێرەکان، کارمەندان و بەڕێوەبەری وەرشەکە دڵخۆشبوون بەوەی ئێدی ئەوان چاوی میدیاکانیان کەوتە سەر، لەناو دەنگی ئامێر و چەکووش و تۆزنە و جۆرەکانی دیکەی ئامێرەکان، بیرۆکەی ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییە دروست بوو، کە دەکرێت چاوی زیاتری بکەوێتە سەر.

وەرشەکە چەندین بەشی هەیە

وەرشەکە لە ساڵی 2004 لەلایەن کۆمپانیایەک بەشێوەی گرێبەست لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، جگە لە بەشەکانی کارگێڕی و ژمێریاری، ئای تی، کۆگا و هونەری، هاوکات بەشەکانی لەف، چاککردنەوەی پەمپ، لەحیمکردن، چاککردنەوەی ئامێرەکان، داڕشتنی قاڵب و کارەباشی هەیە، تەواوی بەشەکانی ئەو دەزگایە لەلایەن کەمتر لە 100 فەرمانبەرەوە بەڕێوە دەبرێن، ئەوان داوای زیادکردنی بوودجەکەیان دەکەن تا بتوانن کاری باشتر بکەن بۆ بووژانەوەی دڵی ئامێرەکان.

سەرجەم ناوچەکان ڕووی تێدەکەن

ئەگەرچی لەسەر تابلۆکەیان هەولێر نووسراوە، بەڵام ئەوان دەڵێن ئێمە کار بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان دەکەین لە هەموو شار و ناحیە و گوندەکانیش، وەک پڕۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر و ئاوی دەوروبەری هەولێر، ئاوی سۆران، ئاوی کۆیە، بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی دهۆک، ئاوی دەوروبەری دهۆک وەک شێخان، سمێل، ئامێدی، ئاکرێ، کەڵەک و هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی سلێمانی و کەلار و زۆرجاریش لە سنوورەکانی ماددەی 140شەوە ئامێری لەکارکەوتوو بەکار دەخەنەوە.

چی چاک دەکەنەوە؟

ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە هەولێرەوە کار بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان دەکات بە لەفکردنی ماتۆڕی کارەبایی، چاککردنەوەی پەمپ (بوستر)، چاککردنەوەی جەگ وەلف بە هەموو قەبارە و جۆرەکانی بە دووبارە بەکارهێنانەوەی ئامێرە شکاوە قورسەکان، هەروەها چاککردنەوەی قاعیدەی سێت پەمپ و ماتۆڕ و چاککردنەوەی مۆلیدەی کارەبایی وەک مەکینە و تەولید و بۆرد کۆنترۆڵ، چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی وەرشەکە، چاککردنەوەی ئامێری ئاوەڕۆ کە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە بواری خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەروەها چاککردنەوەی ماتۆڕ و ترۆمپای کلۆر و غەنزیرەی ئاوی قورس و گێربۆکس و دروستکردنی دیشلی جۆراوجۆر کە هەر یەک لەمانە گرنگی تایبەتیان هەیە لە سێکتەرەکانی خزمەتگوزاری وەزارەتی شارەوانی.

ئاماری دوو ساڵەی کارەکانیان

قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر ئەوانیش هەبووە، بەڵام بەردەوام بوونە لە کارکردن، تەنیا لە ساڵی 2018دا، 55ماتۆڕی کارەبایی و 5 دانەش لە غەتاسی ئاوی قورس، 15دانە پەمپی غەنزیرە، 94دانە لە بووش برانس و قوفڵی ئاو و جەگ و وەلف و 2دانە مولیدەش چاککراونەتەوە.

لە ساڵی 2019شدا، واتە لە 10مانگی ڕابردوودا زیاتر لە 23ئامێری ماتۆڕی کارەبایی و غەتاسی ئاوی قورس، هەروەها 24دانەش لە پەمپی غەنزیرە و 83 قوفڵی ئاو و شەفت و جەگ وەلف و کۆپلین و 3دانە مۆلیدەش چاکراونەتەوە. کارمەندانی وەرشەکە دەڵێن، ئەگەر حکوومەت بوودجەی زیاتریان بۆ دابینبکات، کاری زیاتر دەکرێت.

ڕێگای زیاتر لە 20گوند پێویستی بەدووبارە قیرتاوکردنەوە هەیە

بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر:

دەرخستەمان بۆ ئەو ڕێگاوبانانە ئامادەکردووەو چاوەڕوانی وەڵامین

دانیشتووانی سنوورەکە ترسیان لە تێکچوونی ڕێگاکان و هاتنی وەرزی زستان هەیە

بەدواداچوون: سەید فاتیح بەرزنجی

ڕێگاوبانەکان شادەماری بازرگانی و ڕایی کردنی هەموو کارووبارێ ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیانەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دریغی نەکردووە لە دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و خەڵکی کوردستانیش ئومێدێکی گەورەیان بە حکومەتی هەرێم هەیە کە لەچوارچێوەی کاروبەرنامەی چوارساڵی خۆیدا هەوڵی زیاتر بەتۆزی ڕێگاوبانەکان بدات و ڕێگاکان بەجووت ساید بکات ئەوەی لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێ بدەین ئاوڕدانەوەیە خراپی ڕێگای ژمارەیەک گوندی سەربە شارەدێی قوشتەپەو لەسەردانێکی مەیدانیدا سەردانی ژمارەیەک گوندی ئەو سنوورەمان کرد.

هاوواڵتیانی ژمارەیەک گوند گلەییان لەخراپی ڕێگاوبانەکان هەیە

لەکاتی چوونمان بۆ ئەو گوندانە بەچاوی خۆمان ئەو ڕێگا خراپەمان بینی کە هاموشۆی زۆری ئۆتومبێلی ئەو گوندانی بەسەرەوەیەو ڕێگایەکی ستراتیژیی بووە پێشتر ئەو ڕێگایە هەموو ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکان و ئۆتومبێلی سووتەمەنی پێدا هامو شۆیان دەکرد بۆ پردێ- کەرکوک بۆیە زۆر بەخراپی تێکچوو لەو ڕاپۆرتەدا تەندروستی بیستانە گوتی: ئەو ڕێگایە زیاتر لە 35ساڵە دروستکراوەو نۆژەن نەکراوەتەوەوڕێگاکە جەنجاڵیەکی زۆری ئۆتومبێلی بەسەرەوەیەو ڕێگایەکی ستراتیژیەو زیاترلە 20گوند سوودی لێ وەردەگرن و ڕێگایەکی ستراتیژیەو زۆر بەخراپی تێکچووەو لە کار کەتووە و پێویستە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە گرنگی تەواوی پێ بدات و بەزووی چاکی بکاتەوە.

سەرتیپ بەڕێوەبەری کارگێری لە بنکەی ژمارەیەک لە هاوواڵتیانی ئەو گوندانە سەبارەت بە خراپی ڕێگاکە قسەیان بۆ کردین: محەمەد فەرمانبەرلە بنکەی تەندروستی زاگرۆس گوتی: ئەو ڕێگایە دوورو درێژەو زیاتر لە 20گوند سوودی لێ وەردەگرن و ڕێگایەکی ستراتیژیەو زۆر بەخراپی تێکچووەو لە کار کەتووە و پێویستە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە گرنگی تەواوی پێ بدات و بەزووی چاکی بکاتەوە.

دواتر ئەحمەد حەسەن موختاری گوندی ئازیانە گوتی: ڕێگاوبانەکانمان زۆر خراپن نازانین بۆچی ڕێگاکەمان بۆ چاک بکەنەوە بەڵام بەداخەوە هیچدەنگی نییەو چاوەڕوانی هەوڵ و هیمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانین کە بەجیدی کاربۆ زوو چاککردنەوەی ڕێگاکە بدات.

محەمەد ئەمین دانیشتووی گوندی جل بەسەر گوتی: نازانین کەی حکومەتی هەرێم ئاوڕ لە زوو چاککردنەوەی ئەو ڕێگایە ناداتەوەو هاوواڵتیان لەدەست خراپی ڕێگاکە زۆر نیگەرانن.

عومەرجەعفەر موختاری گوندی سۆفی بریم گوتی: زۆرجار بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگایە هاموشۆی لایەنی پەیوەندیدارمان کردووەو نوسراویشمان داوەتە ئەوان تا هەرچی زووە ئەو ڕێگایە چاک بکەنەوەو هەر لە چاوەڕانیداین بۆ چاککردنەوەی ڕێگاوبانەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕێگاوبانەکانی ئەو سنورەی لەیاد کردووەو چەندین جار سەردانی لایەنی پەیوەندیدارمان کردووە بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگایەو بەتەواوی تێکچووە خەڵکی هەراسان بووە لەدەست خراپ بوونی ئەو ڕێگایەو بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێریش پێی گووتین کە دەرخستەیان بۆئامادەکردووە هیچیش دیار نییەو ڕۆژانە هاوواڵتیان گلەییەکان بە ئێمە دەگەیەنن بۆئەوەی بە زووی ڕێگاکە چاک بکرێتەوەو چاوەڕوانی وەڵامین.

مامۆستا عوسمان بەڕێوەبەری قوتابخانەی گوند گوتی: چەندین جار سەردانی لایەنی پەیوەندیدارمان کردووە بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگایەو نوسراویشمان بەرز کردۆتەو تا ڕێگاکەمان بۆ چاک بکەنەوە بەڵام بەداخەوە هیچدەنگی نییەو چاوەڕوانی هەوڵ و هیمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانین کە بەجیدی کاربۆ زوو چاککردنەوەی ڕێگاکە بدات.

حەیدەر ڕەمەزان دانیشتووی گوندی پونگینە گوتی: ئەو ڕێگایە بەهۆی هاوشۆی زۆری ئوتومبیلی بارهەڵگر بەو شێوەیە زوو تێکچوو دەبووایە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و زووتر مشوری چاککردنەوەی لێ بخواردبووایە تا بەزوویی هەوڵی چاککردنەوەی بۆ دەدرا.

چاککردنەوەی ڕێگاکە دەرخستەی بۆ بەرز کراوەتەوە سەبارەت بەگەیاندنی گلەیی و گازاندەی هاوواڵتیان پەیوەندیمان بە بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێرکردو لەوێدا ئەندازیار دڵشاد عیمادەدین بەڕێوەبەری چاککردنەوەو پاراستنی ڕێچگاوبانی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەو پاراستنی ڕێگاوبانی هەولێر هەوڵی ئەوەماندا تا دەرخستە بۆ چاککردنەوەی ئەو ڕێگاوبانانە ئامادە بکەین ئەوەبوو دەرخستەکەمان بە زووبی ئامادەکردو بەرزمان کردەوە بۆ سەرووی خۆمان و ئەوانیش ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووەو چاوەڕانی گەڕاندنەوەی ئەو پرۆژەیە دەکەین و ئەوانیش خستوویانە ناو بەرنامەی کارەوەوهەرکە ڕەزامەندی چاککردنەوەی دەرچوو ئەوا دەست دەکەین بە چاککردنەوەی ڕێگاکەو دەزانین کە ڕێگاکە زۆر بەخراپی تێکچووەو ڕێگایەکی زۆر کۆنەو پێویستی بە بودجەیەکی باش هەیە بۆ چاککردنەوەیی و چەندین جار نووسراوی دانیشتووانی ژمارەیەک لە گوندەکان بۆ چاککردنەوەی ڕێگاکە بەدەست گەیشتووەو کارمان لەسەر کردووە.





پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق

خەبات: تریفە ئازاد

پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق بۆتە پرسێکی گرینگ لە ئێستادا و لایەنە عێراقیەکان و خۆپێشاندەرانی عێراق داوای هەموارکردنەوەی بڕگە و مادەکانی دەستووری عێراق دەکەن و پێیان وایە ئەم دەستوورە مافەکانی ئەوان دەستەبەرناکات، هەموارکردنەوەی دەستووریش گەر لە ماف و دەسەلاتەکانی کورد کەمبکاتەوە هەڵبەت لایەنە کوردییەکان لەگەڵ ئەم جۆرە هەموارکردنە نابن، شارەزایانی دەستووریش پێیانوایە هەندێک مادە پێویستی بەهەموارکردن هەیە، بەڵام نابێت دەستکاری ئەو مادانە بکرێت کە تایبەتن بە مافەکانی کوردو نابێ هیچ مادەیەکی دیکە بخرێنرێتە ناو دەستوور کە ماف و دەسەلاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە.


دەبێت نوێنەرانی کورد پێداگری لە مافەکانی گەلی کورد بکەن

دکتۆر خامۆش عمر، شارەزا لە بواری دەستوور لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی هەموارکردنەوەی دەستوور و مافەکانی کورد گوتی:

هەموارکردنی دەستووری عێراق بە گوێرەی مادەی 142 دەستوورە بڕگەی یەکەمی ئەو مادەیە لێژنەیەک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای عێراقی پێک دەهێنرێ بێ ئەوەی ئامارژە بە ژمارە و ئەندامان و میکانزم و بڕیار وەرگرتن بکات، هەروەها بە گوێرەی بڕگەی دووەمی هەمان مادە، ئەو لێژنەیە ڕاسپاردەی پێشنیاری هەموارکردنەکە هەمووی بە یەک پاکێج پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان گرفتە چونکە لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران لەبەردەم دوو بژاردە دەبن یان ئەوەیە هەمووی قبوڵ دەکەن یان ئەوەیە هەمووی ڕەت دەکەنەوە چونکە ڕاسپاردەی پێشنیاری هەموار کردنەکە ماددە بە ماددە ناخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر ئەم قۆناغە ببڕێت کە ئەمە ئەگەرێکی زۆرە چونکە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەن پەسەند دەکرێت ژمارەی نوێنەرانی کوردیش ئەو ژمارەیە نییە کە بتوانن ڕێگری لە تێپەڕ بوونی بگیرێت، لە دواجار دەنگدەری کوردستانی دەتوانێت ڕوو بەڕووی ئەم هەموار کردنە ببێتەوە ئەگەر لەبەرژەوەندی نەبێت، بە مەرجێک دوو لەسەر سێی پارێزگا بە نەخێر دەنگی بۆ بدەن بەڵام ڕەنگە ئەم کاتە دەسەڵاتی ئیتحادی بڵێتە خۆپێشاندەران ئەوە ئێمە ئامادەین بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور ئەوەی ڕێگرە هەرێمی کوردستانە نەک ئێمە. مەترسی پەنابردنە بەر هەموار کردنی دەستوور بە پاڵپشت بە مادەی 142 خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ئەو لیژنەیە دەستکراوەیە پێشنیاری هەموار کردنەکە ماددە بە ماددە ناخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر هەموو ڕەت دەکەنەوە چونکە ڕاسپاردەی پێشنیاری هەموار کردنەکە ماددە بە ماددە ناخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر ئەم قۆناغە ببڕێت کە ئەمە ئەگەرێکی زۆرە چونکە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەند دەکرێت ژمارەی نوێنەرانی کوردیش ئەو ژمارەیە نییە کە بتوانن ڕێگری لە تێپەڕ بوونی بگیرێت، لە دواجار دەنگدەری کوردستانی دەتوانێت ڕوو بەڕووی ئەم هەموار کردنە ببێتەوە ئەگەر لەبەرژەوەندی نەبێت، بە مەرجێک دوو لەسەر سێی پارێزگا بە نەخێر دەنگی بۆ مادەی 126 کە پێویستە لە کاتی ئاساییدا بە پێی ئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە و دووەمیان لە ماددەی 142 کە وەک لە ماددەکەدا هاتووە لە سەرەتای کاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پاش پەسەندکردنی دەستوورەکە دەبووایە بە پێی ئەم ماددە بکرایەتەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو کاتەی عێراق ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکرا و هەموارەکە نەکرا، لێرەدا پرسیارە سەرەکی و گرنگەکان دێنە ئاراوە ئایە هەموارکردنی دەستووری عێراقی دەبێت بە پێی کام ماددەی 142 بە ماددەیەکی بەسەرچوو هەژمار دەکرێت وەک ماددەیەکی بەستراو بە کات کە لە بەشی گواستنەوەی دەستووردا هاتووە؟ ئایا بڕیاری ئەم دواییەی پەرلەمان بڕیارێکی دروست بوو بە دەستنیشان کردنی ماددەی 142 بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور؟ هەموو ئەم پرسیارانە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە 42ی فیدراڵی 2017 لە ڕێک کەوتی 21ی 5ی 2017 وەڵام درانەوە، کە لە بڕیارەکەدا هاتووە کە نابێت هەموارکردن بەپێی ماددەی 126 بکرێت تاوەکو مادەی 142 جێبەجێ نەکرێت، کەواتە دەستووری عێراق ئەم دەقە لەوەیە ببێتە هۆی زەحمەتی هەموارکردنی دەستوور. بەڵام ئەو پرسیارەی کە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە ئەوەیە هەموارکردنەوە بە پێی کام ماددەیان مەترسی زیاتری دەبێت لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر قوڵ ببینەوە لە خوێندەوەی هەردوو ماددەکە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کام ماددەیان مەترسی زیاترە، ماددەی 126 کە لە ئێستادا کاری پێناکرێت و چاوەڕێی هەموارکردنێک دەکات بە پێی فەرمانەکانی ماددەی 142و پاشان دەست بەکار دەبێت، لە ناوەڕۆکیدا پێنج بڕگە هاتووە کە چۆنییەتی هەموارکردنەکە ڕێک دەخات و ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵام وەک ئاماژەمان پێی دا کە هەموارکردنەوەی یەکەم دەبێت بە پێی مادەی 142 ئەنجام بدرێت وەک لە بڕیاری پەرلەمان هاتووە پاڵپشت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی. بۆیە دەبێت ئێمە زیاتر گرنگی بە مادەی 142ی دەستوور بدەین چونکە لە ئێستادا ئەو ماددەیە بەرکارە و دەبێت خوێندنەوەی وردی بۆ بکەین و بزانین لە بە پێی کام بڕگەی دەتوانین هەرێم بپاریزین لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. کاتێ بڕگەکانی ئەو ماددەیە دەخوێنیتەوە کە بریتین لە پێنج بڕگە ئەو گرنتیانەی ماددەی 126ی لێ بەدی ناکرێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت گرنتی مانەوەی هەرێمەکان لە پاش هەموارکردنەوەی دەستوور و ئەم ماددەیە بە ڕەهایی باسی لە هەموارکردنەوە کردووە و هیچ بەربەستێکی دانەناوە بۆ هەموارکردنەوە لە پێش لیژنەی هەموارکردنەوە، تەنیا هیوای کورد بەشی دووەمی بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە کە تێیدا هاتووە: نابێت دوو لەسەر سێی پارێزگا یان زیاتر هەموارەکە ڕەت بکەنەوە. بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین تروسکاییەکی یاسایی هەیە لەم ماددەیە بەڵام نابێت بە ڕوناکی ئەگەر هاتوو ڕێککەوتنێکی سیاسی و جەماوەری لە نێو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبێت، چونکە لە ئەگەری کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان لەلایەن لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور و قبوڵکردنی لە لایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ئەوە تەنها تەنها و تەنها ڕێگەی یاسایی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو هەمووارە دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانە، چونکە هیچ پارێزگا و پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق لە چوارچێوەی هەرێمێک ڕێک نەخراون و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان جێی بایەخ نییە لایان.


دکتۆر خامۆش عمر


هاوڕێ کەمال



هەیفا عەلی عەبدولباقی

هەموارکردنی دەستووری عێراق و کاریگەری لەسەر کورد

دوای ئەوەی خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی تەحریری پایتەختی عیراق دەنگی نارەزایەتییان گەیاندە عەرشی حوکمڕانی، چەندین دروشمی جیاجیایان هەڵگرتبوو، کە هەر یەکێک لەو دروشمانە گوزارشت بوو لە ڕەهەندێکی دیاریکراوی داواکارییە زۆرەکانی شەقامی عێراقی لە دەسەڵاتی سیاسی، ئەو داواکاریانە خۆیان دەبینییەوە لە (بنبڕکردنی گەندەڵی، باشترکردنی بژێویی، دامەزراندنیان لە گشت سێکتەرەکانی حکوومەتدا)، سەرەتا داواکارییەکانی پەیوەست بوون بە نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ ژیانێکی ساده، بەڵام دواتر سروشتی خۆپیشاندانەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات و تەنانەت ئاراستەی ئەم دروشمە سادانەش گۆڕدرا بۆ دروشمی (هەموارکردنی دەستووری عێراق). دواتر ئەم داواکارییەی شەقامی عێراقی گوازرایەوە ناو پەرلەمان و چەندین لایەنی بەشدار لە دەسەڵات خۆیان کردە خاوەنی ئەم داواکارییەو خۆیان وەک نوێنەری داواکارییەکانی خەڵک نمایش کرد.

دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی 2005دا، لەلایەن هاوڵاتیانەوە بەگشت پێکهاتەکانەوە (کوردو سوننەو شیعەو کەمینە نەتەوەییەکانیش) کە زیاتر لە سەدا 81% دەنگیان دا بە پەسەندکردنی ئەم دەستوورە. پەسەندکردنی ئەم دەستوورە گوزارشت بوو لە دەستپێکی قۆناغێکی سیاسی نوێ بۆ عیراقییەکان، کە تێیدا کۆی پایەکانی سیستەمی سیاسی و حوکمرانی گۆڕانکاری بەسەردا هات. هەموو عێراقییەکان خۆیان لەناو ئەم دەستوورەدا دەبینییەوەو پێیان وابوو باشترین دەستوورە لەسەر ئاستی ناوچەکە.

مەرج نییە داواکاری خۆپێشاندەران وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام دەرگا لەسەر هەموو ئەگەرەکان وەک یەکە، بەشێوەیەک کە دەشێ هەموو لایەنەکان کۆک بن لەسەر هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی، هەروەک چۆنیش ئەگەری ئەوە هەیە دەست بۆ ئەم دەستوورە نەبردرێت. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لەسەر هەردوو گرێمانە سیاسەتی خۆمان بنیات بنێین. لە ئەگەری هەموارکردنی دەستووری عێراق لە 2019دا کاریگەری ئەوتۆی دەبێ لەسەر پێکهاتەکان بەگشتی و لەسەر کورد (هەرێمی کوردستان) بەتایبەتی، بێگومان بەشێکی زۆری ئەم کاریگەرییانەش نەرێنی (سلبی) دەبێت، چونکە هەر هەموارکردنێکی دەستووری ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان، ئەوە مەبەست لێی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانە و پێگەکەی لاواز دەبێت. بەپێی ماددەی 142 دوو لەسەر سێی دوو پارێزگا ئەتوانن هەمواری دەستووری ڕەتبکەنەوە، لە دەرەنجام دەستوورەکە هەموار ناکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بەبیانووی جیاواز کار بە ماددەی 142ی دەستووری عێراق نەکرێت، ئەوە ڕەنگە دەسەڵات و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتی هەرێمەکان هەموارکرێتەوە، هەروەها دەستکاری کردنی ماددەی 140ی ناوچە جێناکۆکەکانە (ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەرێم و حکوومەتی ناوەند)ە و کەمترکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە دەستووردا بەڕێژەی 17% جێگیرکراوە. لەبەرامبەر ئەم هەوڵی هەموارکردنەوەی دەستوور و لاوازکردنی پێگەی سیاسی و یاسایی هەرێمی کوردستان، دەبێ هەرێمی کوردستان بەباشترین شێوە خۆی ئامادە بکات و کار لەسەر ئەوە بکات کە لێکەوتەکانی ئەم هەمواڕە لەسەری کەم ببێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ڕەچاوی هەندێ خاڵی جەوهەری بکات، لەوانە: 1- پێکهێنانی لیژنەیەک کە گشت لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان تێدا بەشدار بن تایبەت بە هەموارکردنی دەستووری عێراق، کار لەسەر ئامادەکردنی ڕەشنووسێکی تازە بکەن بۆ ئەم هەمواڕە. 2- گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە سیستەمی فیدراڵییەوە بۆ سیستەمی کۆنفیدراڵی. 3- هەوڵدان بۆ چەسپاندن و سازش نەکردن و نەگۆڕینی ماددەی 140ی ناوچە جێناکۆکەکان و دانانی میکانیزمێکی کاریگەرتر بۆ ئەو ناوچانەی کە بەشی زۆری کوردن.

دەبێت نوێنەرانی کورد پێداگری لە مافەکانی گەلی کورد بکەن

دکتۆر خامۆش عمر، شارەزا لە بواری دەستوور لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات لەبارەی هەموارکردنەوەی دەستوور و مافەکانی کورد گوتی:

هەموارکردنی دەستووری عێراق بە گوێرەی مادەی 142 دەستوورە بڕگەی یەکەمی ئەو مادەیە لێژنەیەک لە پێکهاتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای عێراقی پێک دەهێنرێ بێ ئەوەی ئامارژە بە ژمارە و ئەندامان و میکانزم و بڕیار وەرگرتن بکات، هەروەها بە گوێرەی بڕگەی دووەمی هەمان مادە، ئەو لیژنەیە ڕاسپاردەی پێشنیاری هەموارکردنەکە هەمووی بە یەک پاکێج پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ نوێنەرانی هەرێمی کوردستان گرفتە چونکە لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران لەبەردەم دوو بژاردە دەبن یان ئەوەیە هەمووی قبوڵ دەکەن یان ئەوەیە هەمووی ڕەت دەکەنەوە چونکە ڕاسپاردەی پێشنیاری هەموار کردنەکە ماددە بە ماددە ناخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر ئەم قۆناغە ببڕێت کە ئەمە ئەگەرێکی زۆرە چونکە بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پەسەند دەکرێت ژمارەی نوێنەرانی کوردیش ئەو ژمارەیە نییە کە بتوانن ڕێگری لە تێپەڕ بوونی بگیرێت، لە دواجار دەنگدەری کوردستانی دەتوانێت ڕوو بەڕووی ئەم هەموار کردنە ببێتەوە ئەگەر لەبەرژەوەندی نەبێت، بە مەرجێک دوو لەسەر سێی پارێزگا بە نەخێر دەنگی بۆ مادەی 126 کە پێویستە لە کاتی ئاساییدا بە پێی ئەم ماددەیە هەموار بکرێتەوە و دووەمیان لە ماددەی 142 کە وەک لە ماددەکەدا هاتووە لە سەرەتای کاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پاش پەسەندکردنی دەستوورەکە دەبووایە بە پێی ئەم ماددە بکرایەتەوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئاڵۆزی ئەو کاتەی عێراق ئەو ماددەیە جێبەجێ نەکرا و هەمووارەکە نەکرا، لێرەدا پرسیارە سەرەکی و گرنگەکان دێنە ئاراوە ئایە هەموارکردنی دەستووری عێراقی دەبێت بە پێی کام ماددەی 142 بە ماددەیەکی بەسەرچوو هەژمار دەکرێت وەک ماددەیەکی بەستراو بە کات کە لە بەشی گواستنەوەی دەستووردا هاتووە؟ ئایا بڕیاری ئەم دواییەی پەرلەمان بڕیارێکی دروست بوو بە دەستنیشان کردنی ماددەی 142 بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور؟ هەموو ئەم پرسیارانە بە بڕیاری دادگای فیدراڵی ژمارە 42ی فیدراڵی 2017 لە ڕێک کەوتی 21ی 5ی 2017 وەڵام درانەوە، کە لە بڕیارەکەدا هاتووە کە نابێت هەموارکردن بەپێی ماددەی 126 بکرێت تاوەکو مادەی 142 جێبەجێ نەکرێت، کەواتە دەستووری عێراق ئەم دەقە لەوەیە ببێتە هۆی زەحمەتی هەموارکردنی دەستوور. بەڵام ئەو پرسیارەی کە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە ئەوەیە هەموارکردنەوە بە پێی کام ماددەیان مەترسی زیاتری دەبێت لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان؟ ئەگەر قوڵ ببینەوە لە خوێندەوەی هەردوو ماددەکە ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کام ماددەیان مەترسی زیاترە، ماددەی 126 کە لە ئێستادا کاری پێناکرێت و چاوەڕێی هەموارکردنێک دەکات بە پێی فەرمانەکانی ماددەی 142و پاشان دەست بەکار دەبێت، لە ناوەڕۆکیدا پێنج بڕگە هاتووە کە چۆنییەتی هەموارکردنەکە ڕێک دەخات و ئەوەی پەیوەستە بە هەرێمی کوردستان نابێت، بەڵام وەک ئاماژەمان پێی دا کە هەموارکردنەوەی یەکەم دەبێت بە پێی مادەی 142 ئەنجام بدرێت وەک لە بڕیاری پەرلەمان هاتووە پاڵپشت بە بڕیاری دادگای فیدراڵی. بۆیە دەبێت ئێمە زیاتر گرنگی بە مادەی 142ی دەستوور بدەین چونکە لە ئێستادا ئەو ماددەیە بەرکارە و دەبێت خوێندنەوەی وردی بۆ بکەین و بزانین لە بە پێی کام بڕگەی دەتوانین هەرێم بپاریزین لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراو. کاتێ بڕگەکانی ئەو ماددەیە دەخوێنیتەوە کە بریتین لە پێنج بڕگە ئەو گرنتیانەی ماددەی 126ی لێ بەدی ناکرێت بۆ پاراستنی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت گرنتی مانەوەی هەرێمەکان لە پاش هەموارکردنەوەی دەستوور و ئەم ماددەیە بە ڕەهایی باسی لە هەموارکردنەوە کردووە و هیچ بەربەستێکی دانەناوە بۆ هەموارکردنەوە لە پێش لیژنەی هەموارکردنەوە، تەنیا هیوای کورد بەشی دووەمی بڕگەی چوارەمی ئەم ماددەیە کە تێیدا هاتووە: نابێت دوو لەسەر سێی پارێزگا یان زیاتر هەموارەکە ڕەت بکەنەوە. بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین تروسکاییەکی یاسایی هەیە لەم ماددەیە بەڵام نابێت بە ڕوناکی ئەگەر هاتوو ڕێککەوتنێکی سیاسی و جەماوەری لە نێو لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبێت، چونکە لە ئەگەری کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان لەلایەن لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور و قبوڵکردنی لە لایەن زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە ئەوە تەنها تەنها و تەنها ڕێگەی یاسایی بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو هەمووارە دەنگدەرانی هەرێمی کوردستانە، چونکە هیچ پارێزگا و پێکهاتەیەکی دیکەی عێراق لە چوارچێوەی هەرێمێک ڕێک نەخراون و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان جێی بایەخ نییە لایان.

دکتۆر خامۆش عمر

هاوڕێ کەمال

یادی چلەی ماتەمینی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ

کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا



د. عیزەدین کەسایەتییەکی ناسراو و هەڵکەوتووی بواری ڕۆشنبیری و سیاسییەو پسپۆڕو شارەزایەکی بە ئەزموون و گەورەی ئەکادیمیی بواری ئەدەب و ڕێزمانی کوردییە. لە ساڵی 1934دا لە سلێمانی لەدایک بووە و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەم شارەدا تەواوکردووە. خاوەنی بڕوانامەی دوو دکتۆرایە، لە ساڵانی شەستەکاندا ئاوێتەی نێو کاری شۆڕش و سیاسەت بووە، کەسێکی نزیک بووە لە مستەفا بارزانی و لەنێو ڕووداوەکاندا ژیاوەو ڕۆڵی دیاری تێدا بینیوە. پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە ڕۆژی 3ی 10ی 2019 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد و لە هەمان ڕۆژدا هەر لە شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

لەیادی چلەی ماتەمی پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵدا، لە چەند زنجیرەیەک لە دیمانەیەکی عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بلاوەدەکەینەوە کە چەند بیرەوەرییەکی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی دەگێڕێتەوە ئەم دیمانەیە لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بلاوبۆتەوە.

بۆ گێڕانەوەی ئەو یادگاری و ڕۆژگارە سەخت و دژوارانەو چەند ئاکار و کردەوە و هەڵوێستی بارزانی، لە شاری سلێمانیدا زانیار سەردار قرگەیی سەردانی پرۆفیسۆر دکتور عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ کردو دیدارێکی ڕۆژنامەوانی لەتەکدا سازکرد و لە کتێبی "کەسایەتی مستەفا بارزانی لە هزری ڕووناکبیرانی شاری سلێمانیدا" بلاوکردۆتەوە.

4 و کۆتایی

*** ئەی سەبارەت بە شاری کەرکووک، بارزانی هەڵوێستی چۆن بوو؟ وەڵامی لە بەرامبەر شاندەکانی حکوومەتی عێراق چی بوو؟**

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (خبیـر البیطـار) بـۆ بازرگانـی ئامێـری پزیشکی/سـنوردار) لـە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/١١/١٧) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (احمـد حسـن یونـس) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو، مـن بەرێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـک بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی ماددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمووارکـراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە / ٨٤٦٣
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٨
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (ڕۆپـەل ROPEL / بـۆ بازرگانـی گشـتی - هـاوردە وهەنـاردە / سـنووردار)وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی (١٧٧) لـە یاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەمواركـراو مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بڕیارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بـە مەرجێـک ئـەم بریـارە بلاوبکرێتـەوە بـە پـێ ی ئەحکامـێ مـاددەی (١٦٠) لـە یاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ ی هەموواركـراو ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٨
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە / ٨٣٤٧
ڕێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)
دوای تەواوکردنـی سـەرجەم ڕێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (FARYA / بـۆ بازرگانـی گشـتی وهێنـان وبـردن / سـنووردار)وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی (١٧٧) لـە یاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەمواركـراو مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بڕیارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بـە مەرجێـک ئـەم بریـارە بلاوبکرێتـەوە بـە پـێ ی ئەحکامـێ مـاددەی (١٦٠) لـە یاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ ی هەموواركـراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٣
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری
ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای)عمـر وعزالدیـن یـا حـەج و عومرە/سـنوردار) بریـاری گۆرینـی (نـاوی)ی کۆمپانیـای داوە لـە کۆمپانیـای (عمـر وعزالدیـن یـا حـەج و عومرە/سـنوردار) بـۆ کۆمپانیـای (گەرماڤـا یـا حـەج و عومرە/سـنوردار) بۆیـە هـەر کەسـێك نارەزایـی یـان مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت



شێوەکاری کورد عەزیز پیرداود

لە زیندووکردنەوەی قوتابخانەی ڕیالیزمیدا



ئاشتی گەرمیانی .. هەولێر

تەمەنێک بۆ ژیان وە تەمەنێک بۆ هونەرو هەموو پیرۆزیەکانی جیهانی هونەر کەلە سەرەتایەکی حەزو ئارەزوەوە دەست پێ دەکات، ئەو حەزانەی کە زیاترو گەورەترن لە بیر کردنەوەو دەست بۆ بردنی، سەردەمێکی کۆتایی ژیانیش ئەو پەلە پەلەیە کە ناتوانیت فریای هەموو حەزەکانت بکەویت و هەندێک خەونی تر هەن دەتەوێت بێنە دی بەڵام لەوانەشە بە ناچڵی مرۆڤ بە جێبیان بهێڵێت .. هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەزیز پیر داود .. هاوڕێ یەکی دێرین و هونەرمەند و مامۆستایەکی هاووپیشەم بە دریژای ساڵانی نەوەتەکان تاوەکو ئەمڕۆ پێکەوە وورەدەکاری یە زێڕینەکانی هونەرو مرۆڤایەتیمان ئاڵوو گۆڕ کردووە، لە زۆر پرۆژەی هونەری و چالاکی هونەری دا پرۆسەی هونەری شێوەکاری کوردی لەکوردستاندا بەشدار بووە، وەکو پێشانگای تایبەتی و بەشداری کردن و سەرپەرشتی پرۆژە هونەریەکانی پاریزگای هەولێر بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٧ وە تاوەکو پێش قەیرانەکان ٢٠١٤ لەگەڵ مامۆستا جەمال موشیر سەرپەرشتیاری کارە هونەریەکانی نێو پاریزگا بوون، بێگومان هونەرمەند عەزیز پیر داود پرۆژەی نوێی ی هەیە وە کاری نوێ ی هەیە لەپاش ئەزموونێکی پڕ لە ئاڵتوونی .. کە پاشماوەی سەدەی ساڵانە ئاڵتوونی یەکانی وەکو کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان بەدواوەیە لە هونەرو کاری هونەری شێوەکاری کوردی.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەزیز پیر داود لەساڵی ١٩٦١ لە شاری هەولێر لەدایک بووە، وە ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ کۆلیژی پەروەردەی هونەری لە موسڵ تەواو کردوە .. من سەرەتا سەرەنج دەخەمە سەر قۆناغی ساڵانی کۆتایی حەفتاکان، هەروەک باسم کرد حەزەکان زۆرو قوڵ و چڕن، ئەو هێڵکاری ولاسایی کردنەوە لە کاری هونەریدا سەرەتا نوێ یەکەیە بۆ ساریژ کردنی حەزە کۆبوەکان، دواتر سەرسام بوون بە هونەرمەندان و کاری دەستی و مرۆڤە ئازاکان، هەربۆیە مامۆستا عەزیز پیر داود لەساڵی ١٩٧٨ پێشانگایەکی تایبەتی لە هۆڵی قوتابخانەی دوا ناوەندی سەیداوەی کوڕان کردۆتەوە، وە لە ساڵی ١٩٨٢ پێشانگایەکی تری تایبەتی لە هۆڵی قوتابخانەی ئەییوبییەی کچان نمایش کردوە. ئەو سەرەتا چالاکی یە هونەری یە بناغەیەکی پتەو دروست بوون بۆ دروست کردنی هونەرمەندو بەردەوام بوونی لەو سەردەمەدا کە قۆناغێکی ئەوندە ئاسان و سادەو ساکار نی یە بۆ تێکەڵ بوون بە جیهانی هونەری، وە لەو کاتەشدا زانیاری لە سەر هونەرو جیهانی مێژووی هونەری و ماتریاڵەکان ئەوەندە بەرفراوان نەبوون، هەموو هەوڵەکان لەسەر شانی هونەرمەندەکە بوون، ئەوجا تێگەیشتنی خەڵک بۆ هونەریش ئەوەندە بناغەدار نەبوون، هەربۆیە ئەکادیمیەت و ڕیالیزمی تاکە قوتابخانەی ئەو سەردەمە بوون کە مرۆڤ بتوانێت خۆی تیادا شی بکاتەوە وە بگاتە ئەو ئامانجانەی کە سوود بە کارە هونەریەکانی بگەیەنێت، بێگومان پەیمانگاو کۆلیژو پەروەردەیی بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەو بناغە گرنگ و دروست بوونەیە کە مرۆڤ دەتوانێت هەنگاوی گەورەی بۆ بهاوێژێت وە بکاتە ئەو ئاستەی کە پەرە بەکارە وهونەریەکانی بدات، مامۆستا عەزیز پیر داود ئەو قۆناغ و پلەو ئاستانەی بە سەرکەوتوویەوە بڕی تا ئەو کاتەی یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٩٢، من کەسێک بووم کەبە شانازی یەوە لەگەڵ مامۆستا عەزیز لە ساڵی ١٩٩٣ دا وانەم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر ووتۆتەوە، وە من دەزانم کە چەند مرۆڤێکی ئەکتیڤ و چالاکی هونەری و ئەکادیمی بووە وە لە زۆربەی پێشانگاکانی هونەرمەندانی کوردستان وە شاری هەولێر بەشدار بوو وە سەرپەرشتکارێکی چالاک بووە، لەپاش ٩ ساڵ ئەزموونی وەکو سەرۆکی بەشی هونەری شێوەکاری لە پەیمانگای هونەر جوانەکانی شاری هەولێر تاوەکو ٢٠٠٣ مامۆستایەکی بە ئەزموون و لێهاتوو بوو بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر لە ئەمرۆی کوردستان دا .

من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ کارە هونەریەکانی مامۆستا عەزیز پیر داود، سەرەتا وەکو باسمان کرد ئەکادیمیەت ئەو قوتابخانە ژێر خانەیە کە مرۆڤ دروست دەکات بەرەو داهاتوویەکی پێشکەوتوو خواز دواتر هونەرمەند پەلکێشی دەکات بۆ قوتابخانەکانی تر، کارەکانی مامۆستا بێگومان لە قوتابخانەی ڕیالیزمیدا خۆیان ناساند وە زۆر کاری تر وەکو ڕیالیستی دەبڕپن خوازی یان قوتابخانەی سوریالیزمی بەرهەمی کارەکانی هونەرمەند بووە، چ بەکاری ئاوی وە چ بەکاری ڕۆنی لە پێوانەی جیاواز جیاوزدا نمایشی کارەکانی کردووە لە پێشانگا تایبەتی و هاوبەشی یەکانیدا کەبە ئەنجامی گەیاندووە لە ساڵانی ڕابردوودا، سروشتی کوردستان و نێو ماڵی کوردو گوندو چیاکان و فۆرمی کەلتووری کوردی یەکێک بووە لەو فۆرمانەی کە لە ڕابردوودا گرنگی پێ داوە، واتە بۆ ناسینی هونەرێکی کوردی ڕەسەن ئەو بابەتانەی پێ گرنگ بووە کە دەڕبڕین لە سروشتی کوردستان دەکات، بێگومان کاری هێڵکاری دەموو چاوەکان نمونەیەکی زیندوون لە پرۆسە کارە هونەریەکانی هونەرمەند عەزیز پیر داود .

مامۆستا عەزیز پیر داود لە دیمانەیەکی بۆ ڕۆژنامەو ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان ١٥ ئایاری ٢٠١٩ دا کە ڕۆژنامەنووس هێرش مەغدید سازی داوە سەبارەت بە (کامە قوتابخانە بە باشی دەزانیت بۆ ئەوەی بینەر چێژی زیاتری لێ وەربگرێت) لەوەڵامی هونەرمەند عەزیز پیر داود دا .... هەر ڕێبازو قوتابخانەیەکی هونەری چەندین بنکەو بنەمای تایبەتی خۆی هەیە کە قوتابخانەکە داوات لێدەکات ئینجا بڕیاری چێژوەرگرتن بدەیت.. وەکو نموونە قوتابخانەی واقیعدا ڕوانگەو داڕشتنو فیگەرەکانو ڕەنگو گۆشەی هەڵبژاردن.... تد .. ئیتر کە هونەرمەند هەموو خاڵەکانی ئەنجامداو کەواتە کارێکی جوانو تەواوە، چونکە جوانە لە کاریو هونەریدا پێشەنگەو بەر لە هەموو لایەنێک لە ڕێی چاوەکانتەوە دەخزێتە ناختو تێکەڵا بە حەزو بینینت دەبێتو بڕیاری چێژ وەرگرتن لەوێوە دەدرێت کۆتایی هەر کارێکیش دەوەستێتە سەر شارەزاییو سەلیقەی هونەرمەند، ئەزموونی کەڵەکە بووی سەنگی مەحەکە بۆ بڕیاردان، ئەم بۆچوونە بۆ هەموو ڕێبازو قوتابخانەکانی دیکەش دەبێت.

سەبارەت بەم ساڵانەی دوایی پرۆژەیەکی سەرکەوتووی ئەنجام داوە کە پۆرترێتە، پۆرترێت لە دوو ڕوانگەوە ،ڕوانگە ئەکادیمی یەکەی وە پۆرترێت وەکو ستایل و ناسینەوەیەکی هونەری وە ئاوڕ دانەوە لەو کەسایەتی و هونەرمەندو نوسەرو مرۆڤە ناسراوانەی کە هیچ کەسێک ناتوانێت جێگایان بگرێتەوە، وە لەم سەردەمە جیهانیەشدا هونەری ڕیالیستی ڕیالیزمی گەڕانەوە سەرهەڵدانێکی نمونەیی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لە قوتابخانە پەیمانگەیی و ئەکادیمیایی و پێشانگا جیهانی یەکانی ئێستا دا، ئاستی هونەری وورە کاری بۆ پۆرترێتەکان وێنەیەکی جوان و پڕ پیشەیین وە توانیوێتی سەرکەوتویەکی گرنگ بەدەست بهێنێت، هەروەک هونەرمەند عەزیز پیر داود لە دیمانەکەی لە ماڵپەڕو ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان دا خۆی باسی لەو کارە هونەریانەی دوایی خۆی کردووە و دەڵێت (پرۆژەیەکم لەبەر دەستە کە دروستکردنی وێنەی پۆرترێتی هونەرمەندانو ڕۆشنبیرانو کەسایەتییە کاریگەرەکانی ناو شاری هەولێرن، بەڵام وەکو میوانی پرۆژەکەم لەهەر شارێک چەند کەسایەتییەکم هەڵبژاردووە، کارەکەش وا ئاسان نییە بە کاتێکی کەم کۆتایی بێ? بۆیە هەوڵدەدەم بە دڕێژترین کات زۆرترین کەسایەتی بخەمە ناو پرۆژەکەم و هەوڵێکە بۆ زیندوو ڕاگرتنی کەسایەتییەکان، هەروەها پێوانەی کارەکان گەورەن بۆیە لە توانای منداییە بە تەنها بۆ هەموو کەسایەتییەکانی کوردستان وێنەبکێشم بەڵکو پێویستی بە گروپێکی فراوانی گەورە هەیە. شێوازی کارکردنەکەشم هێلکارییەو هەندێ وردەکاریوستایلی دیکە ئاوێزانی یەکتر دەکەم وەکو (خاڵبەندی، هێڵی ڕاستو چەپ، بەرزونزم، پێچاوپێچو بەکارهێنانی پێنووسی جیاواز کە زۆرجار لە هێلکاریدا بەکارناهێنرێت یان کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.

مامۆستا عەزیز کۆڵەکە خەمی هونەرمەندان بووە، بەتایبەتی لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی هەولێر، ماندوێتی یەکی زۆری داوە لە ڕێکخستنی بەرنامەو کاری سەندیکاوە پەیوندی نێت لەگەڵ هونەرمەندانی پاریزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و ناوچەکانی تر، بێگومان لەگەڵ دەستەیەکی هونەرمەندانی ناسراو لەسەندیکا، وە هاندانی هونەرمەندان بۆ کارو چالاکی هونەری.

پرۆسەی بەشداری کردن لە چالاکی هونەری و پرۆژە جیاوزەکان و کاری هونەری مامۆستا عەزیز پیر داود وەکو لە ڕابردوودا هەنگاوی گەورەی بۆ ناوە، لە ئێستا و داهاتوودا ئەو حەزو ئارەزوو خەونانەی هەروەک لەسەرەتاوە باسم کرد زیادی کردوە نەک کەم، بێگومان خاوەن ئەزموونێکی پڕ لە ووردەکاری هونەری شێوەکاری کوردی یە چ لە ڕووی کارو پیشەیی یەوە وە چ لە پسپۆڕێتی ئەکادیمی و پەروەردەیی یەوە، ئەوەش وای کردوە کە هونەرمەندێکی نمونەیی بێت لە نێو مێژووی هونەرو هونەرمەندانی کوردا لە باشووری کوردستان .

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/11/21 ژمارە (5876)
خەبات

شەهرەزاد..ئەو زنجیرە درامایەی هێڵە سوورەکانی تێپەڕاند



حەیدەر عەبدولڕەحمان

زنجیرە درامای ئێرانی شەهرەزاد لەبەرهەم هێنانی محەمەد ئیمانی و دەرهێنانی حەسەن فەتحی یە، بە بەشداری هونەرمەندانی گەورەی بواری شانۆ سینەما: ترانە عەلی دۆستی ـ شەهرەزاد) (شەهاب حوسەینی ـ قوباد) (مستەفا زەمانی ـ فەرهاد) (مەهدی سوڵتانی ـ هاشم) (پەرێناز ئیزیدیار ـ شیرین) (عەلی نەسیریان ـ بزورگ ئاغا) (گیلاری عەباسی ـ عائیشە) (مەحموود باک نیت ـ جمشید) و چەندین ئەکتەری تری ناودار بواری سینەماو شانۆی ئێرانە، ئەم بەرهەمە کەلەو ماوەیەدا لە کەنالی کورد سات لە سێ بەشی دۆبلاژکراودا بۆ بینەرانی کوردستانی نمایش کرا، بۆتە خاوەنی پڕ بینەرترین زنجیرەی درامی، بە تایبەت بۆ بینەری ئێرانی، کە چەند وێنەیەک لەسەردەمی پڕ لە مەرگە ساتی سالانی کۆتایی پەنجاکانی ئێران بەرجەستە دەکات.



لە رووە ناشیرینەکانی گەندەڵی و ملمالانێی مافیاکان و جیاوازی چینایەتی و زەوت کردنی ئازادی و راوە دوونانی ڕۆژنامە نووسان، لە تۆی ی بەرجەستە کردنی سەربوردەیەکی خۆشەویستی دوو قوتابی گەنج کە یەکێکییان لە کولێژی پزیشکی (شەهرەزاد) ە، ئەوی تریان لە بواری ڕۆژنامەوانیدا (فەرهاد) کار دەکەن، لەو زەمەندا کە بازرگانەکانی تریاک و و دەرەبەگ و مافیاکان هەر یەکەو لەشێوەی ئیمپراتۆریەتێکی بچووک کار بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەکەن، بە دەست تێکەڵ کردن لەگەڵ کاربەدەستە هەرە بااڵکانی دەوڵەت، بەئارەزووی خۆیان گاڵتە بە چارەنووس و ژیانی خەڵک دەکەن، ئەوان هەر تەنها ململانێکانییان لە گەڵ یاسا و عەدالەت و مافی مرۆیی ئەو خەڵکە نیە، بەڵکو ئەوان لەپێناو تێرکردنی چاوچنۆکییە بێ سنوورەکانی خۆیان، ململانێ لە گەڵ هاوکوفەکانی خۆشییان دەکەن و لەو پێناوەدا یەکتر لەناو دەبەن.

ئەو فەرهادو شەهرەزادە کەفنوونەی نەوەیەکی نوێ ی ئازادیخوازی ئەو کۆمەڵگایەن، لەناو ئەو کەشو هەوا سانسۆر تێدەپەڕێنێ، بەاڵم هەموو بینەرێک ئەوە دەزانێ کە ئەو واقیعە کۆتایی نەهاتووەو لەگەڵ بەرپا بوونی شۆڕشی ئیسالمی لە ئێران و تا ئێستاکەش بەردەوامی هەیە، بۆیە بەشێک لە فاکتەرە هەرە کاریگەرەکانی راکێشانی سەرنجی بینەرو لەباوەش گرتنی بەرهەمەکە بەو قەوارەو جۆش و خرۆشە، ئەوەیە کە بەرهەمەکە تێنوویەتی بینەر لەنمایش کردنی ئەو واقیعە دەشکێنێ.

تێپەڕاندنی هێڵی سوور لە الیەن کەرتی تایبەتەوە، ڕەخنەیەکی زۆری لای موحافیزەکانەوە دروست کرد، بەاڵم زۆرێکیش هەبوون پێیان وابوو زنجیرەکە بەئاراستەیەکی دروست دا تێدەپەڕێ، بەهۆی تێکشاندنی ئەو تەوقەی لە ئەستۆی دراماو سینەمای ئێرانیدا کراوە و بەاڵی ئەوانەوە شەهرەزاد هەوڵێکە بۆ دروست کردنی فۆرمێکی نوێ لە درامای ئێرانیدا، کە تێیدا خواستی زۆرێک لە بینەران بە تایبەتیش گەنجەکان بەدی بێنێ.

ئەم فۆرمە نوێیە وای کرد کە شەهرەزاد هەر تەنها نەبێتە خاوەنی زۆرترین بینەر لە ئێراندا، بەڵکو سنووری ئیقلیمی لەدووەمیاندا ئەو مافیاو دەسەاڵت دارو بازرگانانە بەهەمان پێوەری دەسەاڵتی سیاسی، دەیانەوێت بازرگانی بە مرۆڤیشەوە بکەن و دەسەاڵتی خۆیان بۆ دەستەبەسەرداگرتنی کردنی خۆشەویستیش بەکاربێنن، وەک هەر کەرەستەیەکی بازاڕی سەودا بەخۆشەویستی بکەن .

ئەوەتا ئیمپراتۆرێکی مافیایی وەک (بوزورگ ئاغا) بەزۆر شیرینی کچی لە قوبادی برازای مارە بڕی دەکا بێ ئەوەی ئەو قوباد ئەو شیرینە ناسیبێ، یاخۆشی ویستبێ، ئەو خۆش نەویستنە تا کۆتایی هاتنی ژیانی ئازاری دەداو دەیێتە هۆی هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەری دێ، ئەوەتا کاتێ بوزورگ ئاغا دەیەوێت بەسزا دان و لێدان قوباد ناچار بکات بەخۆش ویستنی کچەکەی، بەهەموو دەسەاڵتی جەبەڕووتی خۆیەوە ئەوەی بۆ ناچێتە سەر.

کاتێکیش ئارەزوو دەکات دڵی شەهرەزاداگیر بکات و ناچار بەهاوسەرگیری کردنی بکات لەگەڵ زاواکەی بەهۆی نەزۆکی کچەکەی و ڕەچەڵەک نەنانەوە بۆ دیوان سالاری، بەرامبەر بە رزگار کردنی ڕۆحی فەرهاد دوای نمایش کردنی 26ئەلقەی بەشی یەکەم کە ڕووداوەکانی سالانی کۆتایی پەنجاکان، لەبەشی دووەمدا باس لەسەردەمی پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسالمی بکەین لە ئێراندا، لەهەمان کاتدا چارەنووسی دوایی ئەو چیرۆکە ڕۆمانسیەی شەهرەزادو فەرهاد بگەینینە ئەنجام .

لە بەشی یەکەمداکە 26 ئەلقەیەو دۆبلاژەکەی بۆتە 33 ئەلقە، دەرهێنەر زێتر لەسەر پرۆسە سیاسیەکان وەستاوە و وێنەیەکی جوانی ئەو هەلو مەرجە سیاسیە خنکێنەرەی ئەو کاتەی نیشان داوە، لەبەرگێکی کالسیکی، لە جلوبەرگ و ئیکسسوارات و بیناسازی و بالەخانەو ئۆتۆمبیل و هەموو کەرەستەکانی تر، کە بینەر بتوانێت وێنەیەکی دەقاو دەقی ئەو سەردەمە ببینێ، لە قومار خانەو مەیخانەو سینەماو شانۆ و بازاڕو هەموو ڕواڵەتەکانی دیکەی ژیان، ڕەنگە نیشاندانی زۆر لەو ڕۆاڵنەتانە ماوەیەکی زۆرە لە تی ڤی و سینەمای ئێرانی دا قەدەغە کراون

مستەفا زەمانی ـ وەک ئەکتەری سەرەکی زنجیرەکە دەربارەی بەشی دووەم و سێیەمی زنجیرەکە دەڵێت: من پێم وایە ئەو دوو بەشە لە بەشی یەکەم زێترە، چونکە دوای سەرکەوتنی بەرهەمەکە دەرهێنەر گۆڕانکاری زۆری لە فۆرمی زنجیرەکەدا کرد، هەروەها گوتی: مەعنەویاتی تیمی زنجیرەکە لەو دوو بەشەدا زۆر بەرز تر بوو لەیەکەم بەشدا، ڕۆژانە بۆ ماوەی 12کاژێر زێتر لەبەردەم کامێرادا دەوەستان، بێ ئەوەی هەست بە بێزار بوون بکەن .

لە بەشی سێیەمی زنجیرەکە چەند کاراکتەرێک زێدەکراون ،ئەوەتا ئەکتەری ناسراوی ئێرانی (ئەمیر جەعفەری) ڕۆڵێکی سەرەکی لەو دوو بەشەدا وەک نەقیب دەبینێت، هەروەها ئەکتەری ناسراو ڕویال نونهالی و ڕەزا کیانیان، ئاتنە فەقیە نەسیری،مەهدی سوڵتانی،پەرێناز ئیزدیار، عەلی نەسریان،مەحمود پاک نیت ،حەمید ڕەزا،ڕەزا بەهبودی، ڕەزا کیانیان، ئەمیر حسێن ڕۆستەمی، لیندا کیانی ،کالرە عەباسی، فریبا متەخەسس، سوهەیلا ڕەزەوی،غەزەل شاکری، ناهد موسلمی، فرخ نیعمەتی و چەند ئەکتەرێکی تر.. هاتنە ڕیز ئەکتەرە سەرەکییەکانی تر یەکێک لەفاکتەرە هەرە بنەڕەتیەکانی سەرکەوتنی بەرهەمەکە بەشداری بوونی ژمارەیەک لەئەکتەرە هەرە ناسراوەکانی بواری سینەماو شانۆی ئێرانە ، کە هەریەک لەوان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش توانیویانە بەرجەستەی کاراکتەرەکانی خۆیان بکەن لەوانە:

مستەفا زەمانی (فەرهاد)

کە لە دایک بووی 1982ە، دەرچووی بەشی کارگێڕی و ئەندازیاری پیشەسازییە، بۆ یەکەم جار لە فیلمی یوسفی ڕاستگۆ ڕۆڵی یوسف پێغەمبەری بینی، کە سیناریۆکەی چوار ساڵی خایاندووە، 20 تۆیژەری میژوویی بەشداریان لەنووسینی سیناریۆکە کردووە، هەروا بەشداری کردووە لە زنجیرەی بەدەم باوە ،جگە لە چەند فیلمێکی سینەمایی وەک سزا، ماڵ ئاوا بەغدا، راز، ئێرە تاریک نیە، فیتەی کۆتایی، بەڕلێن ?7هێڵی تایبەتی، دزی شەقامی باشوورو چەندینی تر ..لەشەهرەزاد دا، مستەفا زەمانی فۆرمێکی دیکەی نوێمان لە نواندندا نیشان دەدات، ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامە نووسە شۆڕشگێڕە دەبینێت، کە لە الیەک هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە دەدات، لە الیەکی دیکەوە، وەک مرۆڤ خۆشەویستی دەکات بە هێما بۆ کاراکتەرەکانی خۆیان بکەن لەوانە:

مستەفا زەمانی (فەرهاد)

کە لە دایک بووی 1982ە، دەرچووی بەشی کارگێڕی و ئەندازیاری پیشەسازییە، بۆ یەکەم جار لە فیلمی یوسفی ڕاستگۆ ڕۆڵی یوسف پێغەمبەری چوار ساڵی خایاندووە، 20 تۆیژەری میژوویی بەشداریان لەنووسینی سیناریۆکە کردووە، هەروا بەشداری کردووە لە زنجیرەی بەدەم باوە ،جگە لە چەند فیلمێکی سینەمایی وەک سزا، ماڵ ئاوا بەغدا، راز، ئێرە تاریک نیە، فیتەی کۆتایی، بەڕلێن ?7هێڵی تایبەتی، دزی شەقامی باشوورو چەندینی تر ..لەشەهرەزاد دا، مستەفا زەمانی فۆرمێکی دیکەی نوێمان لە نواندندا نیشان دەدات، ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامە نووسە شۆڕشگێڕە دەبینێت، کە لە الیەک هەوڵی گۆڕینی ئەو واقیعە تاڵە دەدات، لە الیەکی دیکەوە، وەک مرۆڤ خۆشەویستی دەکات بە هێما بۆ بەرەنگاربوونەوەی واقیعە تاڵە کۆمەاڵیەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەی.

تر انە عەلی دۆستی (شەهرەزاد)

لە دایک بووی 1982ی تارانە،ئەکتەرو وەگێڕە ،خاوەنی خەاڵتی بازی زێرینە وەک باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵی سینەمایی فەجر، هاوسەری عەلی مەنسورەو منالێکی لێی هەیە، لە تەمەنی 15ساڵییەوە بەشداری سینەمای کردووە بە فیلمی (من ترانام) جگە لە چەندین کاری دیکەی سینەماو دراما

ترانە ـ لەو بەرهەمەدا لە رووی هزرو ڕۆحەوە لە گەڵ فەرهاد بە یەک دەگەنەوە، ئەو بەر لەهەموو شتێ ئەشقی فەرهادە وەک هزرو هەڵوێستە، ئەمە وای کردووە قوربانی بەهەموو شتێ بدات لەپێناوی ئەودا، بەتایبەت کاتێ بەشووکردن بە قوباد ڕازی دەبێت تەنها بەو مەرجەی ئاغای مامی فەرهاد لەسەر پەتی سێدارە ڕزگار بکات ..هەمیشە خواستی لەقوباد ئەوەبوو کە خۆی لەژێر باڵی ترسنۆکی و بێ هەڵوێستی دەربێنێ و ئەوەندە زەلیلی ژێر دەستی مامە زاڵمەکەی نەبێت، بەاڵم قوباد ئەوەی بۆ نەدەکرا، بۆیە هەمیشە لەبەرچاوی شەهرەزاد کەسێکی لاوازو پەرپووت و بێ دەسەاڵت بوو، نەی دەتوانی بەهیچ شێوەیەک جێگەی فەرهاد بکاتەوە لەدڵی شەهرەزاد دا .

شەهاب حسینی قوباد (قوباد):

لە دایک بووی 1973یە، لە دەرچووانی کولێژی زانستی دەروونیە لەتاران، بەاڵم تەواوی نەکردووە، لە سەرەتادا لەشانۆی زانکۆیی کاری کردووە، لەرادیۆ بێژەر بووە، لەتەلەفزیۆن بەرنامەی ئۆکسجین ی پێشکەش کردووە، یەکەم بەرهەمی بەشداری کردنی بووە لەزنجیرەی پاش باران، لە سینەما بەشداری فیلمی کاردانەوەی پێنجەم و فیلمی مۆم بە دەم باوە بووە، جگە لەوەندەش بەشداری چەندین فیلم و زنجیرە درامای کردووە و چەندین خەاڵتی بەنرخی بە دەست هێناوە، لەوانەش خەاڵتی ئۆسکار بۆ باشترین ئەکتەری بیانی .

لە زنجیرەکەدا ڕۆڵی قوباد دەبینێت کە کاراکتەرێکی الوازە، هەمیشە مل کەچی بڕیارەکانی بوزوگ ئاغای مامیەتی، بۆیە هەمیشە شەهرەزاد سەرکۆنەی دەکات کە توانای بڕیاردان و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی تووندو تیژیەکانی شیرینی هاوسەری و بوزوگ ئاغای نیە، تەنانەت کاتێ ئاغا فرمانی پێ دەکات لەماوەی شەوو ڕۆژێکا شەهرەزادی ژنی بۆ پاراستنی دڵی شیرینی کچی تەاڵق بداو منداڵەکەشی لە باوەش دەربێنێ، هیچ هەڵوێستێکی نابێت و ئەوە دەکات کە ئاغا دەیەوێت .

تا لە ئەنجامدا لە هێرشێکی نیوە شەوی ئاغادا بۆ سەری، بێ ئاگا لە خۆی لە ڕووی ئاغادا دەوەستێتەوە و وا لە بزورگ ئاغا دەکات جەڵتە لێی بدات و گیان لەدەست بدات .

دوای ئەوەی قوباد دەسەاڵت دەگرێتە دەست، هەموو دەسەاڵتی خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوە لەشەهرەزاد بەکاردێنی و دەیێتە کەسایەتیەکی ئەهریمەنی و شەڕخواز کە تەنانەت خۆشی سەری لە کردە شەڕانیەکانی خۆی سوڕ دەمێنێت، لەوانەش کوشتنی هاشم و دەستگیر کردنی فەرهادو فەرمانی لە سێدارەدانی، بەپشتگیری پیاوە باڵاو دەسەاڵت دارەکانی دەوڵەت، بەاڵم لەکۆتاییدا دیوان سالاری و ژنەکەی و منداڵەکەی و هەموو شتێ لە دەست دەدات، ئەو درەنگ دەگاتە ڕاستیەکان، بەاڵم ئەو دەرفەتەی بە دەستەوە نامێنێ ژیانێکی تر دەست پێ بکاتەوە و لە دەست دوژمنەکانی ڕزگار بێت .

عەلی نەسیریان (بزورگ ئاغا) کە لە دۆبلاژەکەدا هونەرمەندی ناسراوی کورد (قادر جەلال) ڕۆڵی ئەوی بینیووە، تەمەنی 83ساڵە، لە دایک بووی ساڵی 1934ە، دەرچووی پەیمانگای هونەرە لە تاران، بۆ یەکەمجار ساڵی 1952چۆتە سەر تەختەی شانۆ، لەچەندین کاری شانۆییدا بەشدار بووە، لەوانە : هەزار داستان، پاسەوانەکانی وێستگەی شەمەندەفەر، میوەی قەدەغەکراوو چەندین کاری شانۆیی تر .

بۆ یەکەمجار ساڵی 1969بەشداری لە فیلمی سینەمایی (مانگا) دا کردووە، کە لەدەرهێنانی داریوش مهرجونی بوو، بە سەدان کاری دیکەی سینەمایی و درامی.

دەربارەی بەشداری کردنی لە زنجیرەی شەهرەزاد دەڵێت : من خۆم ئارەزووەکی زۆرم لە بەشداری کردن لەو زنجیرەیەدا هەبوو، چونکە سیناریۆکەی بەاڵی منەوە سەرنج ڕاکێش بوو، جگە لەوەش من ئاشنا بە توانای دەرهێنەرەکەی حەسەن فەتحی یە، بۆیە ئەو پێشبینیەم دەکرد کە ئێستا دەیبینین، لە زنجیرەکەدا ئەوەی من زیاتر لە هەموو شتێ بیرم لێ دەکردەوە بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکەم بوو..

بوزورگ ئاغا لە شەهرەزاد دا، ئەو پیاوە بازرگانە کۆنە پەرستە بوو، کە هەرگیز بڕوای بە خۆشەویستی نەبوو، بۆیە هەمیشە داوای لە شەهرەزاد دەکرد کە بیر لە خۆشەویستی نەکاتەوە، لە الیێکی دیکەوە خۆی دابووە پاڵ دارو دەستەی شاو ڕێگەی ئەوەی نەدەدا کەس زمانی بەخراپە بجوولێ بەرامبەر بە ڕژێم، ئەویش سوودی زۆری لەوان دەبینی و دەستی تێکەڵ کردبوو لەگەڵیان بۆ لەناوبردنی رکابەرەکانی لە بازرگانی دا، کێشەی سەرەکی ئەو ئەوەبوو کەسی نەبوو جگە لەشیرینی کچی نەبێت بۆ جێگرتنەوەی، ئەو شیرینەی لەگەڵ قوبادی برازای مارە بڕی کردبوو بۆ ئەوەی نەوەیەک بنێنەوە، بەاڵم ئەو ئاواتەی ئاغا نەهاتە دی، چونکە کچەکەی نەزۆک دەرچوو ئاغاش بۆ ئەوەی بێ ئومێد نەبێت شەهرەزادی ناچار کرد کە هاوسەرگیری لە گەڵ قوباد بکات، بۆ ئەوەی منالێک بێنێ، ئیدی ململانێی شەهەزادو شیرین و قوبادو شیرین گەیشتە لوتکە، تا وای لێهات سەری بوزورگ ئاغای تێدا بچێ و لە خەفەتان جەڵتە لێی بداو گیان لە دەست بدا.











هەڵگری میدالیای زێڕی ئاسیا لە دیدارێکی (خەبات)دا

رۆبیللا جیسۆس: شەترەنج فێرە یاسایەکی کردم کە ئەگەر بڕیارێکی هەڵەت دا پێویستە ئامادەی سزاکەشی بی





دیمانە: هاوار مورتکەیی

رۆبیلا دی جیسۆس کچە شەترەنجزانێکی لاوی فلپینییە و خاوەن میدالیای زێڕی پاڵەوانێتی شەترەنجە لەسەر ئاستی ئاسیا بۆ خوار 18ساڵ، ئەو پێی وایە کە شەترەنج ئەوی هەڵبژاردووە نەوەک بەپێچەوانەوە، ئەو کاتیک فێری شەترەنج بووە هێشتا فێرنەبووە بنووسی و بخوێنێتەوە، ئەو کچە شەترەنجزانە لە دیمانەیەکی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات باس لە کاروانی وەرزشی سەرەتای ئاشنابوونی بەم وەرزشە و هەروەها دەسکەوتەکانی کە بەدەستی هێناون لەگەڵ خەونی ئەو کە هێشتا نەهاتۆتەدی.

پێش خوێندن فیری شەترەنج بووم

رۆبێلا جیسۆس Robelle S. de Jesus- سالی 2000لە شاری مانیلای پایتەختی فلپین لەدایک بووە، ئەو سەرەتا باسی لەوە کرد کە چۆن شەترەنجی خۆشویست و گوتی: ناتوانم بڵێم کە خۆم شەترەنجم هەڵبژارد، بەڵکو شەترەنج منی هەڵبژارد، بۆ یەکەمجار کە روناکیم بینی، شەترەنج لەبەردەمم بوو، من بچوکترین ئەندامانی ماڵەوە بووم، پێم وایە شەترەنج زۆر بەسوود بوو بۆ من، چونکە لەکاتێکدا کە مێشکم گەشەی دەکرد، شەترەنج لەپاڵم بوو، بۆیە جگە لە شەترەنج، هیچ جۆرە وەرزشێکی دی لەخەیاڵم نەبوو، بۆیە یاری شەترەنج تاکە وەرزش بوو کە ناسیم و لەوکاتیەوە بەشیوەیەکی دڕووست ئەو یاریبە دەکەم، بەواتایەکی تریەکەمجار فێری شەترەنج بووم پێش ئەوەی فێرە نوسین و خوێندن بم، تەمەنم تەنها 3ساڵان بوو فێری شەترەنج بووم.

5جار رکابەری پاڵەوانێتییەکانم کرد

دواتر ئەو کچە شەترەنجزانە لاوەی فلپین رووبەڕووی سزا بییتەوە، سزاش لە شەترەنج دۆڕاندنە.

خۆبەدەستەوە نادەم

لە کۆتاییدا رۆبێللا دی جیسۆس گوتی: ئەنجامی باشم لە پاڵەوانێتییە جۆراوجۆرەکان بەدەستهێناوە، بەڵام ئەوەی شانازی پێوەدەکەم و حەزەکەم ئامارژەی پێبدەم بەدەستهێنانی میالیای زێڕێ ئاسیا بوو کە ئەمساڵ لە UAAP بەدەستم هێنا، ئەو ئەنجامانەی بەدەستیشم هێناون لەسایەی پشتگیری مامۆاوەمان بووە هەروەها راهێنەرەکەم Christopher Rodriguez کە بڕوای پیم بەخشی و فێری زۆر تەکنیکی یاری کردم، هەروەها شەترەنج کاریگەری زۆری بەسەر ژیانی رۆژانەمەوە هەبووە، شەترەنج فێری کردم چۆن رووبەڕووی کێشەکانم ببمەوە، هەروەها فێری کردم کە خۆبەدەوستەوە نەدەم.



شانازی بەمیدالیای زێڕی ئاسیای دەکەم

زیاتر گوتی: کاتیک چوومە قوتابخانە بەردەوام بووم لە یاریکردن، بۆ ماوەی 5 ساڵ لەسەر یەکتری رکابەریم لە پاڵەوانێتییەکانی شاری مانیلا دەکرد، هەروەها لەسەر ئاستی قوتابخانەکانیش بەهەمان شێوە، لە ساڵی 2012بۆ یەکەمجار رەیتینگی نیودەوڵەتیم وەرگرت (1875ریتینگی فیدا، ئەمە بۆ من هەنگاوێکی گەورە بوو، چونکە لە فلپین رێنماییەک هەیە کە دەبی 3تا 6جار بەشداری پاڵەوانێتی سەر ئاستی فلپین بکەی ئەوکات ئەو مافەت پێدەدرێت رەیتینگ وەرگیت، رۆژ دوای رۆژ زیاتر حەزم دەچووە سەر شەترەنج و زۆرترین بەشداریم دەکرد، کچێکی چالاک بووم بۆیە ماڵەوەش بەهەموو شێوەیەک پشتگیریان دەکردم، شەترەنج فێرە یاسایەکی تایبەتی کردم کە ئەگەر بڕیارێکی هەڵەت دا ئەوا پێویستە جێی باسە رۆنالدۆ و مێسی و ڤان دایک لەسەرووی ئەو لیستەدان کە گۆڤاری فرانس فوتبۆل دەستنیشانی کردبوون بۆ بەدەستهێنانی هەڵاتەکان لۆژیکی تۆپی زێڕینی ئەم وەرزە.





سەرنجراکێشترین دیمەنی ئەمساڵ مێسی بۆ کاڤانی: ئەگەر شەڕت دەوێ من ئامادەم

یاربیە دۆستانەکەی نێوان ئەرژەنتین و ئۆرگوای کە بەئەنجامی 2-2گۆڵ بۆ هەردوولا تەواو بوو، چەندین رووداوی لێکەوتەوە، دیارتیرینیان ئەو شەڕە قسەیەی نێوان لیۆ مێسی کاپتنی تانگۆ و ئیدینسۆن کاڤانی هێرشبەری ئۆرگوایی بوو، کە خەریک بوو شەڕ لەنێوانیان رووبدات.

لە خولەکی 42ی یاربیەکە مێسی لەلایەن یەک لە بەرگریکارانی ئۆرگوای تووشی بەرکەوتن بوو، لەو کاتەدا کاڤانی ئەگەرچی لەرووداوەکەشەوە نەبوو خۆی خزاندە نێوان هەردوولا.

راپۆرتە میدیاییەکانی ولاتی ئەرژەنتین بڵاویان کردەوە مێسی داوای لە مێسی کردووە شەڕی لەگەڵ بکات، مێسیش بەمشێوەیە وەڵامی داوەتەوە: هەر کاتێک شەڕت دەوێ من ئامادەم، لەوکاتەدا زۆرێک لە یاریزانان لەدەوریان کۆبوونەوە، بەڵام دییگۆ گۆدین کاپتنی ئۆرگوای دەستی لەسەر شانی مێسی دانا و ویستی هێوری بکاتەوە و شەڕە قسەکە تەشەنە نەکات.

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان ئاشکرایان کرد کە مێسی و کاڤانی هەردووکیان هەر لەناو یاریگا شەڕە قسەیان نەکرد، بەڵکو لە رێڕەوی ژوری جل گۆڕینیش دووبارە دەمەقاڵێیان کردووە، ئەوکاتیش مێسی پێی گووتوە ئەگەر شەڕت دەوێ من ئامادەم.

کاسیاس: مێسی و ڤان دایک لە رۆنالدۆ شایستەترن

ئیکەر کاسیاسی گۆڵچی ئیسپانی پێی وایە کە هەریەک لە ڤان دایکی هۆڵەندی و لیۆ مێسی ئەرژەنتینی شایستەترە لە رۆنالدۆی پورتوگالی بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی تۆپی زێڕینی 2019.

کاسیاس لە تویتێکدا بڵاویکردبۆوە کە ڤان دایک خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپای پێدرا، هەروەها مێسی باشترینی جیهان، بێنە بەرچاوت ئەگەر کریستیانۆ ئەو خەڵاتە بباتەوە ئەوا سەبارەت بەخۆمە پێم وایە بنەماکانی تۆپی پێ بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتەکان لۆژیکی نییە.

ڕووە تاریکەکەی ژیانی رۆنالدینهۆ

زەردەخەنە، لیهاتوویی، جولەی ناو یاریگا، ئەمانە ڕەوشت و خواەندارێتی رۆنالدینهۆی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیلە، بەڵام ژیانی ئەو ئەستێرەیە دڕێژەی نەکێشا و بە ڕووخانی کۆتایی دێت.

ئەو یاریزانە هەر زوو ئەستێرەی ئاوابوو، لەتەمەنی لاویتیدا وازی لەیاریکردن هێنا، ئەگەرچی لەیاریکردن زۆر شتی پێشکەش کرد، بەڵام دوای وازهێنانی ژیانی دەبیتە دۆزەخیک، کە پێچەوانەی ژیانی ناو یاریگا بێت، دوای وازهێنانی تووەدئالێت بە ماددەی کحول و هەروەها پەویەندی بەستن لەگەڵ چەندین کچ و هەروەها مانەوەی لە یانەکانی شەوانە بەسەرخۆشی، ئەمە جگە لەوەی کەوتۆتە بن قەرزەوە.

رۆنالدینهۆ تەنها یەکجار لە ژیانیدا تۆپی زێڕینی بەدەستهێناوە ئەویش لە ساڵی 2005، دواتر ئەو ئەستێرەیە هەندێ هەڵسوکەوتی ئەنجام دەدا دەبوە نارەزایی راهێنەرەکانی ، چونکە بەر لەهەر یاربیەک شەوان دەچووە یانەکان و تا بەیانی سەمای لەگەڵ کچان دەکرد، ئەو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە کاروانەکەی شان لەشانی مێسی و رۆنالدۆ بدات، بەڵام ئەو ئەمەی بەلاناو و تا کار بەوەی گەیشت ئەمڕۆ پارەیەکی زۆر قەرزارە.

مان یونایتد ئامۆژگاری یاریزانانی دەکات لە ئەستانا نەسوڕێنەوە

ڕۆژنامەی ESPNئاشکرای کردووە کە یانەی مانچستەر یزنایتد، یاریزانانی یانەکەی ئاگادار کردۆتەوە کە کە بەهیچ شێوەیەک لە ئەستانا نەسوڕێنەوە کاتێک گەشت بۆ ئەستانا دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانە کازاخستانیەکە.

تیپەکەی ئولی سۆلسکایەر لەکەشێکی سارد کە پلەی گەرما لەخوار 20 پلەوەیە لە حولی ئەوروپی بەرامبەر ئێف سی ئەستانا لە خولی ئەوروپی یاری دەکەن، هەربۆیە بەرپرسانی ئەو یانەیە داوایان لە یاریزانان کردووە کە نەچنە دەرەوە و ئەگەر بۆ کارێکی پێویستیش بێت نابێ لە 10خولەک زیاتر لەدەرەوە بمێننەوە.

ئەمڕۆ لە خولی نایابی کوردستاندا

سیروانی نوێ و برایەتی لە گرنگترین یاریدا بەیەک دەگەن، هەولێریش میوانداری پێشمەرگە دەکات



کارزان کانەبی

لە درێژەی یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە لەمیانی یارییەکانی هەفتەی پێنجەمی خولەکە شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە ئەنجام دەدرێت، لە هەولێری پایتەختی کوردستان یانەی هەولێری دایک لەسەر یرایگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی میواندار یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی یانەی هەولێر دەیانەوێ پشت بەستن بە یاریگا و هاندەران سێ خاڵی تریش بخەنە سەر کۆی خاڵەکانیان، پێشمەرگەی هەولێریش دەیەوێت بە سێ خاڵ بچێتەوە پیرمام ئەم یارییەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، لە شاری سلێمانیش لە لوتکەی یارییەکانی ئەم هەفتەیە یانەی سیروانی نوێ پێشەنگی یانەکانی کوردستان لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی لە یارییەکی بەهێزدا میوانداری یانەی برایەتی هەولێر دەکات، بۆ ئەم یارییەش کوڕانی رزگار عەلی ئەرکیان زەحمەتە کاتێک رووبەڕووی یانەی برایەتی دووەمی ریزبەندی یانەکان دەکەن. سیروانی نوێ دەیەوێ لەسەر حیسابی برایەتی پیشەنگی یانەکان بەهێزتر بکات، برایەتیش بە نیازی سێ خاڵ و وەرگرتنی پێشەنگی یانەکان گەشتی شاری سلێمانی کردووە و دەیەوێت بە سێ خاڵی گرنگ بگەڕێتەوە پایتەخت، لەلایەکی دیکەوەش هەر لە شاری سلێمانی یانەی نەورۆز کە ئەمساڵ هیچ سەرکەوتنێکی لە خولەکە تۆمارنەکردووەمیوانداری یانەی دهۆک دەکات بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری و مەشقی باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵ بەدەست بهێنن، راهێنەرانی هەردوو یانەش پلانی تۆکمەیان داناوە بۆ بەدەستهێنانی سێ خاڵی یارییەکە، لە شاری دەربەندیخانیش یانەی زاخۆ لەسەر یاریگای ئەو شارە و لە دەرەوەی یاریگای خۆی دەبێتە میوانی یانەی دەربەندیخانی خاوەن یاریگا، بۆ ئەم یارییەش هەرچەندە یانەی زاخۆ ئەرکی قورس کاتێک رووبەڕووی یانەی دربەندیخانی خاوەن یاریگا و هاندەران دەبێتەوە، زاخۆییەکان بە ئیرادەیەکی بەهێز و بۆ شەڕ کردن لەسەر سێ خاڵ چوونەتە قەزای دەربەندیخان، یانەی خاوەن یاریگاش دەیەوێت دربژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات بە پاڵپشتی ئەو هەموو هاندەرە سێ خاڵی یارییەکە لەسەر حیسابی زاخۆ بۆ خۆی یەک ی بکاتەوە هەنگاو بەرەوو پێشەنگی یانەکان بنێت، لە قەزای رواندزیش یانەی سۆران لە یاریگای گەردە گەرد میوانداری یانەی شێروانەی گەرمیان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانە بریندارن و دەیانەوێ هاندەرانی یانەکانیان ئاشت بکەنەوە، یاریزانانی سۆران دەیانەوێ بگەڕێنەوە نێو خانەی سەرکەوتنەوەکان و هەوڵی ئەنجامی باش دەدەن، یانەی شێروانەش دەیەوێت ئەم هەفتەیە بە ئەنجامی دڵخۆشکەرەوە بگەڕێتەوە کەلار، لە شاری دهۆکیش یانەی زێرەڤانی کە ئەم وەرزە هیچ سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێناوە لە خولەکە میوانداری یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دواین ریزبەندی یانەکان دەکات، بۆ ئەم یارییەش یاریزانانی هەردوو یانەی دەیانەوێ بە ئەنجامی باش لە یاریگای خۆیان یاریگای گەردە گەرمی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 21. Nov. 2019 No: (5876)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

(تەقەی خۆشی رامەگرن)ی سەلام عەبدوللا کەوتە بەر دیدی خوێنەران





خەبات- سەنگەر حوسێن:

لەم ڕۆژانە، ساتیرە چیرۆکی نووسەر سەلام عەبدوللا بەناوی (تەقەی خۆشی رامەگرن) کەوتە بەر دیدی خوێنەران.

ئەم کتێبە 56چیرۆکی بە شێوەی تەنزو لە دووتوێی 352 لاپەڕە بە چاپێکی قەشەنگ بڵاوکرایەوە، نووسەر سەلام عەبدوللا لە پێشەکی کتێبەکەیدا کە لەدەرەوەی وڵات چاپکراوە، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم کتێبە کاتی خۆی لەدووتوێی کتێبێکدا بە نێوی تەقریستان لە ساڵی 2000لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی بڵاوکراوەتەوە. دەشڵێت: هەندێک لە نووسینەکان سەرەتای ساڵانی هەشتا نووسراون و لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراونەتەوە بۆیە بێ دەستکاری وەک خۆی جارێکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە.

چاپی یەکەمی ئەم کتێبە بە تیراژی 1000دانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی 908ی ساڵی 2019ی پێدراوەو شکار نەقشبەندی کاری دیزاینی ناوەرۆک و بەرگەکەی کردووە.

نووسەری کتێبەکە سەلام عەبدوللا لە پێشەکی کتێبی (تەقەی خۆشی رامەگرن) لەبارەی (تەنز) دەنووسێت: ئەدەبی (تەنز) لای ئێمەی کورد بڕێک نوێیە گەر نەڵێم هەر تەواو نوێیە، دیارە هەر دیاردەیەکی نوێش لەسەرەتادا تووشی بەرەنگاربوونەوە دەبێ و دژایەتی دەکرێ و نووسەرەکەشی تووشی دەردەسەری دەبێ. نووسەری گەورەی تورک (عەزیز نەسین) نمونەیەکی زیندووە بۆ هەڵوێستی خەڵکی بەگشتی داموودزگاکانی بەرپرس بە تایبەتی کە لەسەرەتای دەستپێکردنی نووسیندا تووشی چ چەرمەسەری و گرتن و دژایەتییەک دەبووەوە، چونکە ئەم جۆرە ئەدەبە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵ، وەک کاریکاتێر گەورەتر نیشان دەدات و پەنجە دەخاتە سەر دیاردەی ناقۆلا و بەسەرچوو.

فەرهاد حەمە ڕەسوڵ بۆ «خەبات»:

کێشەی سەرەکی درامای کوردی لە ئێستادا نەبوونی سیناریۆیەکی بەهێزی سەردەمییە و کۆمەڵێ هەوڵی بچووکیش هەن بەڵام جێگای دڵخۆشییەکی زۆرنین



دیانە- پەریها عومەر

لە دایکبووی (١٩٧٥) سلێمانی دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شانۆ (نواندن) تەواوکردووە خێزاندارەو دوو منداڵی بە ناوی (میرڤان و مینۆ) هەیە، وەک ئەکتەرێک بەشداری چەند دراماو فیلمێکی کردووە.

یەکەم کاری فیلمی (زامی کامێرا) ساڵی ٢٠٠٠ و درامای (گەڕان بەدوای سێبەرەکان) وەک یەکەم کاری درامایی درامای (ئاریا) درامای (ڕەباب و گائر جنوب) بۆ کەناڵی العراقیە و درامای (سایە و درامای سەمای تەرزە) هەیە وەک کارمەندی تەلەفزیۆنی لە کەناڵ پەروەردەیی کاری مۆنتاژ ئەکات.

ئایا لەئێستادا درامای کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

درامای کوردی لە ئێستایا لەئاستێکی باشا نیە لەچاو دراماکانی تر لەرابردوودا ، بەوپێیەی لەئێستایا کۆمەڵێ کاری نوێ ئەکرێت بەوپێشکەوتنەی لەئاستی تەکنیکی نوێی لە پێداویستی هونەری وەک کامێراو دەنگ و هەموو جۆرە تەکنیکێکی هونەری هاوچەرخ لەچاو رابردوودا.. واتە کێشەی سەرەکی درامای کوردی لە ئێستایا نەبوونی سیناریۆیەکی بەهێزی سەردەمی ،، کۆمەڵێ هەوڵی بچووک هەن بەڵام جێگای دڵخۆشییەکی زۆر نین . لەئاست تموحی چاوی بینەری کوردیدا چونکە چاوی بینەری کورد ئێستا زۆر کراوەیە بەهۆی کرانەوەی بەجیهانی درامای ئێرانی و تورکیدا واتە ئەگەر درامای کوردی ئەبێت بگاتە نزیک لە درامای ئێرانی یان تورکی ئەوا بینەر حەقیەتی ڕەخنەی توند بگرێت ،، کەواتە ئەبێت هزرێکی نوێی دراما بێتە ناو کایە کاری درامای کوردی تا ئاستێک بینەر دڵخۆش بکات و ئاهێک بگەڕێتەوە بۆ درامای کوردی هیوا خوازم ئەو پێشکەوتنە ببینین لە درامای کوردیدا

تاچەند قورسترە کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لەگەڵ ڕۆڵی ئاسای؟

هەموو ڕۆڵ بینینێک لەدراما یان فیلمی سینەمایی چ ڕۆڵی سەرەکی بێت یان ناوەند ، پێویستی بەخۆ ئامادە کردنە بۆ ئەو ڕۆڵە وەک نواندن لەو کارەکتەرە ئەبێت کەسێتی ئەو کارەکتەرە لەخۆتا بەرجەستە بکەیت و بتوانی نواندنی بکەیت خۆ هیلاکردنێکی تەواوی ئەوێت لە ڕووی ئەکادیمیەوە چونکە نواند هێندە کارێکی ئاسان نیە هەموو کەسیک بتوانێ ئەگەر وانەبوایە بڕوانامەی نەدەبوو نواندن.

چی دەڵێیت بەو ئەکتەرانەی کە ڕێکلام دەکەن؟

من وەک بۆچوونی خۆم هەرگیز پێم باش نیە ئەکتەری خۆمان خەریکی کاری ڕێکلامی بازرگانی بێت و ببێتە هەوێنێ نواندن بۆ کالایەک کە ئایا ئەو کالایە لەرووی کوالێتەوە چۆنە، تەنها بۆ پەیداکردنی کەمێک پارە،چونکە ڕێکلام هەموو کەسێکی ئاسایی دەتوانێ بیکات هیچ هونەرێکی تێدانیە تەنها تەنها دابەزاندن ئاستی ئەوکەسەیە لەرووی هونەریەوە ، هونەرمەند ڕێکلام بۆ کار مرۆڤدۆستی و خێرخوازیەکان بکات زۆر کاریگەرتر ئەبێت لەچاو بازرگانی بۆ کالایەک بۆ دەسکەوتێکی مادەی کەم بێت یان زۆر ئەوەش ئەکەوێتە سەر ئاستی هۆشیاری هونەرمەندان بەگشتی

ئایا دوا پرۆژەت چییە لە داهاتوو بۆ درامای کوردی؟

لە ئێستادا هیچ پرۆژەیەکی نوێی هونەریم لە بەردەستا نیە کە کاری تێدا بکەم هەرکاریکیشم هەبێت لە ئایندەدا لەڕێگای ئەکاونتی خۆمەوە بڵاوی ئەکەمەوە.

حەسنا مەتەر لە پاریس چەند ئاهەنگێک ساز دەکات



خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی حەسنا مەتەر بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێک، لە ئێستادا بە سەردانێکی هونەری لە پاریسی پایتەختی فەرەنسایە.


بە مەبەستی ئەنجامدانی چەند ئاهەنگێک لە پاریس، خانمە گۆرانیبێژ حەسنا مەتەر گەشتی بۆ پاریس کردووە و تێیدا چەند ئاهەنگێکی هونەری بۆ ڕەوەندی لوبنانی دانیشتووی فەرەنسا ساز دەکات. حەسنا مەتەر لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ڕایگەیاند: بەهۆی دواکەوتنی وەرگرتنی ڤیزەی فەرەنسا نەمتوانی ئاهەنگێکی گەورە لەو وڵاتە ساز بکەم، بەڵام لە بەرنامەم دایە لە چەند ڕۆژی داهاتوو خشتەی بەرنامە هونەرییەکەم پێشکەشی جەماوەر دەکەم و دواتر دەمەوێ سەردانی شوێنە گەشتیارییەکانی پاریس بکەم.

جێی باسە، ڕۆژی دووشەمە لە پاریس، لە کەشوهەوایەکی سارد دا، حەسنا مەتەر ئاهەنگێکی بۆ ڕەوەندی لوبنانی سازکردو تێیدا چەندین گۆرانی نوێ و کۆنی خۆی پێشکەش کردو، ئاهەنگەکەش بووە هۆی جێگای ڕەزامەندی ئامادەبووان.

چاوەڕوانیش دەکرێت کە دوای کۆتاییهاتنی گەشتەکەی لە کۆتایی ئەم مانگە، حەسنا مەتەر بگەڕێتەوە شوێنی دانیشتووی خۆی لەهەولێری پایتەخت.

ماڵی کتێب فیستڤاڵی شیعر و چیرۆکی سازکرد





هەمزە سەرحان: بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران نووسەران و شاعیران لە ڕێوڕەسمێکی قەشەنگدا فیستیڤاڵی ماڵی کتێب بۆ پێشبڕکێی شیعر و چیرۆک ڕاگەیاندرا، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو- یەکێتی نووسەرانی کورد -لقی هەولێر. دوای هەڵسەنگاندنی دەقە شیعری و چیرۆکەکان لە لایەن لیژنەیەکیشارەزا، سەرئەنجام ئەم شاعیرو چیرۆک نووسانە بوونە براوەی فیستڤاڵەکە خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەمی چیرۆک: دڵشاد کاوانی، پشتیوان هەڵەبجەیی، دەشتی بەرزەواری خەڵاتی یەکەم و دووەم و سێیەمی شیعر: گوڵستان وەلییە، سلێمان سۆفی سوڵتانی، چرا چۆلی. لە کۆتایشدا کتێبی بەرهەمە سەرکەوتووەکانی فیستڤاڵەکە بەسەر ئامادەبووانداد دابەشکرا.

نامیلکەی درۆ چاپکرا

نامیلەکەی درۆ لە نووسینی گیڤارا جەبارە، بابەتێکی شانۆییەو لە پێداچوونەوەی ئاکار بەکرە لە 31 لاپەرە پێکهاتووە، زیاتر باس لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو هەڵبژاردنی هاوڕێی خراپ و هۆشیاری لەنێو گەنجاندا دەکات، کتێبەکە لە شاری سلێمانی چاپکراوە.

